# بیرەوەری!..



## مامۆستا رەشید کەریم

سێیەك ساڵ لە ژیانی مامۆستایەك

نرخی «١٠٠» فلسە

١٩٦٠ م

چاپخانەی «ژین»

Scanned by CamScanner

پێشکەشە بۆ ئێوە

# [ پێشکەشـــە ]

ئەم ( بیرەوەري ) یەم پێشکەشە بۆ ئەو لاوانەی
کەزمانی کوردی‌یان لەووشەی بێگانە پاك کردوتەوە
وە گەیاندویانەتە پلەیەکی وا ، کەشانازی پێوە بکرێ
وەهەروەها پێشکەشي ئەو کەسانەبێ کە هەموو
گەلی کوردیان کردووە بەئامانجی خویان وە حەبات
ئەکەن لەگەڵ برا عەرەبەکاني کوماری عراق . وە
بەربەرەکانی ئیستعمارو کونە پەرستان ئەکەن بو
پارێزگاری ئەم کومارە خوشەویستەمان بەسەروکا-
یەتی ( کاك عبدالکـــریم قاسم ) رۆڵەی (١٤) ی
گەلاوێژ .

# ووشەیەکی پێشکەش کردن

لەگەڵ خاوەنی نامیلکە ( مامۆستا رەشید کریم ) پەیوەندی یەکی چەسپیم هەیە :

تەمەن و شـوێنە زامان یەك نـین ، بەڵام لە یـەك نزیکن ..

لە پیشەی مامۆستایەتیشدا بۆ سەر دەمی چەند ساڵێك ـ ساڵانی ١٩٣٦ـ٢٧ پێکەوە هاوبەش بوین .

هەتا لەیەك جێگایش بوین کۆڕی هاوڕێیەتی و رابواردنمان ئەگەر یەك نەبوبێ ، لە یەك نزیك بووە ، یان ناو بـە ناو بۆتەوە بە یەك ..

لەماوەی ئەم نزیکی یەدا هەمو ڕەووشتێکی جوان ، یان کردەوەیەکی خۆش مەزەدار ، یان هەرچی هونەرێـکی تـرم لە « کاك حەمەرەش » دیبێ ، وەك دەرس ووتنەوەی باش ، یان دەسـت تفەنگی ڕاستی نیچیر ئەنگێو ، یان تینو یەتی دوا دۆپمژ بۆ گاڵتەو گەشتو رابواردن..... بەڵام لەهیـچ کاتێکدا لێم نەدیوە دەست بداتە پێنوس لەگـەڵ دانانی ووتارو نـامیلکە خەریك بـێ .

لەبەر ئەوە کەئەم نامیلکەیەی بۆیەکەم جار دایە دەستم بـۆ تەماشا کردن ، وەك شێتێك هەستم بەشلەژانێك کرد لەخۆما .

« بـیرەوەری ٣٢ ساڵی مامۆستایەك » نوسەری خاوەن پیشە

(محترف) پێنووسێت ڕاستە، لەهەویرێك ئەچێ ئاوێكی زۆر بكێشی، بەڵام مامۆستا ڕەشید كەریم خاوەن پیشەی نووسین نیە .

ئەو لە دانانی نامیلكەدا، نەهونەری نوسینی خستوتە پێش چاو، نەلێ دوان لە بابەتەكانی پیشەی ماموستایی. تەنیا ویستویەتی فلیمێكی تیژتێپەڕی ئەو «٣١» ساڵەی ژیانی تایبەتی خۆی، لەگەڵ هەندێ ڕووی كارە ساتەكانی دەورو بەری لەباری سەرنجی خۆیەوە پیشان بدات .

لەكاتێكدا دەستم دایە نامیلكە ترسی ئەوەم لەدڵا بوو كە زاڵ نەبوبێ بەسەر مەبەستا، ئیستایش ناڵێم زاڵ بوە، وەبەرێكوپێكی بیرو هەستەكانی خۆی هۆنیوەتەوە. یان كارەساتەكانی بەووردی و جوانی روون كردۆتەوە، یان لەجێی پێویستا شتی پێویستی، ئەوەندەی پێویست بێ دروستو تەواو دەر بڕیوە بەڵام ئەم دانراوەی مامۆستا ڕەشیدا كەریم كەبە پێنووسێكی بێ هەواو زمانێكی ساكار نوسراوە گەلێك بەتامتر ئەخوێنرێتەوە لەبەر هەمی بیرەفش هەڵدراوەكانی كەللەیەكی پڕ لە«با» كە تەنیا بەنیازی هونەر پیشان دان كاغەز ڕەش ئەكاتەوە ڕازی نەبێنی ئەم پارسەنگەش ڕاستە قینەیی هەست و بیرو بینینە، لەگەڵ ڕاستە قینەیی نیازی دەر بڕین .!

خوێندنەوەی ئەم نامیلكەیە بە تایبەتی لای ئەوانە پەسەندتر ئەبێ كەلەگەڵ مامۆستا ڕەشید كریم هاوبەشیان هەیە لەو كارە- ساتانە ناوچەییانەدا كەخاوەنی نامیلكە لە گۆشەی بیرەوەری خۆیە



Scanned by CamScanner

(محترف) بێنووسێت ڕاستە، لەهەوێرێک ئەچێ ئاوێکی زۆر بکێشی، بەڵام مامۆستا ڕەشید کەریم خاوەن پیشەی نووسین نیە.

ئەو لە دانانی نامیلکەکەدا، نەهونەری نووسینی خستوتە پێش چاو، نەلێ دوان لە بابەتەکانی پیشەی مامۆستایی. تەنیا ویستویەتی فلیمێکی تیژتێپەڕی ئەو (٣١) ساڵەی ژیانی تایبەتی خۆی، لەگەڵ هەندێ رووی کارەساتەکانی دەورو بەری لەباری سەرنجی خۆیەوە پیشان بدات.

لەکاتێکدا دەستم دایە نامیلکەکە ترسی ئەوەم لەدڵا بوو کە زاڵ نەبووبێ بەسەر مەبەستا، ئیستایش ناڵێم زاڵ بوە، وە بەرێکوپێکی بیرو هەستەکانی خۆی هۆنیوەتەوە. یان کارەساتەکانی بەووردی و جوانی روون کردۆتەوە، یان لەجێی پێویستا شتی پێویستی ئەوەندەی پێویست بێ دروستو تەواو دەربڕیوە بەڵام ئەم دانراوەی مامۆستا ڕەشیدا کەریم کە بە پێنووسێکی بێ هەواو زمانێکی ساکار نووسراوە گەلێک بەتامتر ئەخوێنرێتەوە لەبەر هەمی بیرەفش هەڵدراوەکانی کەڵەیەکی پڕ لە «با» کە تەنیا بە نیازی هونەر پیشان دان کاغەز ڕەش ئەکاتەوە رازی نەبێ ئەم پارسەنگەش ڕاستەقینەیی هەست و بیرو بینینە، لەگەڵ ڕاستەقینەیی نیازی دەربڕین.!

خوێندنەوەی ئەم نامیلکەیە بە تایبەتی لای ئەوانە پەسەندتر ئەبێ کە لەگەڵ مامۆستا ڕەشید کریم هاوبەشیان هەیە لەو کارەساتانە ناوچەییانەدا کە خاوەنی نامیلکە لە گۆشەی بیرەوەری خۆیە



Scanned by CamScanner

وە لێیان دواوە. لەوەش زیاتر هاورێ زۆرەکانی ماموستا لە ئاوێنەی ئەم لاپەڕە کەمانەدا رابوردووی ژیانی خۆیانیان بەر چاو ئەکەویتەوە. هیوام هەیە لەبلاوبونەوەیا ئەم نامیلکەیە برەویکی واگەرمی چنگ کەوێ کەببێ بەهوی زات کردنی ئەوانەی وەکو ماموستا رەشید کەریم لەلا بەلاوە دەستە بارەی خویان ئەخەنە سەر کوگای سامانی نوسینی کوردی، وە بەمە ئەبنە هوی تیژبونی ئەو ئاگرەی کەخوش کردنی بی ویستی راستەو خوی سەرشانی ئەوان نیە، بەلام ئارەقی رەنجی دلسوزانەیان ئەتوانێ یاریدەیەکی زوری بدات م؟

ماموستا گوران

# سەرەتا

ئەم ( بیرەوەری ) یەی سیوەیەك ساڵەی ماموستایەتیم لە وێنەی چیروٚكدا پێشكەش كرد . وەگەڵی ڕوژی ناخوش و تەنگو چەڵەمەی خومی تێدایە . وەهەروا زور قسەی نەستەق وەخوشي تیایە وەباسي كومەڵایەتیمان ئەكات . وەبەراوردی زانیاري ئەمرو وە دەوری كوٚن ئەخاتە پێش چاوي خوێندەوارانی بەرێز وئەبینن كەژیری و زانستی ئەمروٚ چەند پێشكەوتەوە بەتایبەتی لەم كوٚمارەماندا كە گەلی عراق بەكوردو عەرەب وە هەموو نەتەوەكانی كەدا ئازاد بوون . وەئەگەر خوێندەوارانی بەرێز كەم و كوڕی یەكیان تیادی لێم ببورن كەئەمە یەكەم جارمە ئەمەم چاپ كردوە . لێرەدا دەرئەكەوێ كەئێستا چەند خوێندن سووكە بەپێی ئەوسا .

زوٚر سوپاسی كاك ( نوری علی امین ) ماموستا ئەكەم كە دڵسوزانە یارمەتی دام لەكوٚكردنەوەو نووسین و ڕێك خستنی ئەم كتێبەدا .

وەدیسان سوپاسی زودم بوٚ ( ماموٚستا گوران ) ە كەهەندێ شتم لەیاد چوو بوو بیری خستمەوە وەهەندێ پێشنیاری جوانی تیا كرد ، وەهەروا « ماموستا نجم الدین ملا » یش لەنوسینەوەي ئەم بەرگاوی یەدا یاریدەی دام .

ماموٚستا رشید كەریم

سلیماني ٣٠-١٢-٩٥٩

# چەند ووشەیەك

خوێندەوارانی بەرێز

باوەڕدم پێ بکەن لەنووسینەوەی ئەم (بیرەوەری) و (گەشت)ە بەنرخەی ماموستای مەزن «کاك رشید کریم» کە بەزمانی شیرینی کوردی پەتی دیکی خستووە هەمو خوێندەوارێك سوودی زوری لێ وەرئەگرێ.

یەکەم: لەبیرەوەریەکەیدا سەردەمی پێشو پیشان ئەدا کەهۆی خوێندن لەوولاتەکەماندا چەند گران بوو، کەسێك پیویستایە بخوێنێ خوێنێ ئەبو بەئاو هەتا «دیپلوم» ی وەرئەگرت وەوەك ئێستا ئاسان نەبوو.

دووەم: لەگەشتەکەیدا جوغرافیاو مێژووی ئێران وتورکیا ئەخاتە پێش چاو. جگە لەمانەیش میوان پەروەری ونیشتمان پەرستی کوردیش پیشان ئەدا. وەچونیەتی شارە کوردەکانمان تێ ئەگەیەنێ. وەخوشی گەشت و گوزاری شارە جوانەکانمان وەدیمەنی شیرینیان دەرئەخا سەرەڕای ئەمانەیش بومان روون ئەکاتەوە کە گەشت و گوزار چەند بەکەڵکە بوتەن دروستی مرۆڤ نازانم ئەوانەي پارەیان هەیە بوچي گەشت و گوزاري شارە خوشەکانی دەرەوە نا کەن ؟

دوای ئەوەیش بۆنی خوشي نان و کەباب وە خوراکي خۆش لەوێ بوەستێ. هەرچەند من بونم کرد وەلێم نەچیشت بەلام هەر خوشە

ماموستا نجم الدین مەلا

# چۆن چوومە قوتابخانەی مامۆستایان ؟

ساڵی ١٩٢٥ م لەسەرەتای مانگی ئاغستۆس منو خوا لێ خۆشبووەکان ( فایق بێکەس ) وە ( نوری صالح ) وە ( نوري محمد بەگ) بڕیارمان دا بچین بۆ بەغدا بۆ قوتابخـانەي ماموستایان ( فەرمان‌دار — متصرف ) ی سلیمانی نامەیەکي بۆ نوسین بۆ وەزارەتي زانیاری بووەر گرتنمان لەقوتابخانەي ناوبراو . ئەوسەردەمە بەهوي شورشی « شێخ محمود » ەوە دووساڵ پـتر قوتابخانەکان داخرابوو چونکە ئینگلیزەکان بۆمبابارانی سلیمانيیان ئەکرد ، زورمان چوبوین بوئەم لاوئەولا بۆخوێندن ساڵێکیش لەکرکوك خوێندمان لەپۆلی پێنج .

پێش چوونە بەغدام . ماموستا « رفیق حلمی » لە (یادداشت)ەکەیدا باسی شورشی « شێخ محمود » ی کردوە وئەیکا لەم رووەوە باسي ناکەم .

لەگەڵ هاوڕیکانم بەئوتوموبێلیکي شەق و شڕي کۆن کەوتینە رێ بۆبەغدا . گەرماو توزی رێ شپرزەی کردین لە نزیکي ( کفری ) ئوتوموبێلەکەمان پەکی کەوت . لەوشوێنە گەرمە دووسەعاتێ وەستاین هەتا چاك بوەوە . هەرچي چۆنێـك بوو خومان گەیانە « کفری » چووینە گەراجـیکي ناخوش . سەعات (٣) ی پاش نیوەڕۆ نزیکي ئێوارێ چوینە دەرەوە بو بینیني ناو شار وەگەران . تووشی چەند هاوڕێيەکی خـوم بووم کەلە قوتابخانەي ( علمیەی کرکوك ) پێکەوە بووین وەکو (جمیل خلیل)



قارەمانی کوردستان شیخ محمودی نەمر



Scanned by CamScanner

وە ( عبداللە محسن ) وە (عبداللە موسي) بەخێرهاتنیکی بە گەرمیان کردین وەزانیان کە ئێمە ئەچین بو بەغدا ، ئێواریٚ ئێمەیان بردەوە بوماڵی ( جمیل ) چێشت ونانیکی باشیان دەرخـوارد داین (١) وە نوێنیان بو ناردین لەسەربانی گەراجەکە نوستین کاریان راست بی فریامان کەوتن .

بەیانی زوو هەڵساین پاش چایي خواردنەوە کەوتینـە رێ سەعات (٤) گەیشتینە بەغدا چووینە ئوتێلیکی نزیك مەیدان بەم کوێرەوەرییە گەیشتین . بوٚسبەینیٚ نەخوش کەوتم وە ( تا ) یەکي گرانم لیٚهات ئەویش بەهوی ماندووبونی ریگا وە گەرماکەی بوو . خاڵم لەویٚ بوو ، بویان دوٚزیەوە وەچوو چەند ( کنین ) یکي لەرزوتای بوهێنام دەستم کرد بەخواردنی پاش چـەند روژ یٚ چاك بوومەوە بەلاٚم بەتەواوەتی نەء . ئەمجا هەرچوارمان کەوتینە هاتوچو کردني وەزارەتی زانیاری خوا لیٚخوشبو (امین زکي بە گ)

---

(١) ماموستا « علاءالدین سجادي » لە پەراٚوی ( گەشتیٚـك لە کوردستانا ) ئەم باسەی نووسی بوو کەهاتوتە سلیمانی ئاشناکانی پلاٚوی چەورو خوراکي باشیان دەرخوارداوە لەسەرئەمە گەلیٚك لەخوێندەوارەکان لە گوڤارو روژنامەکانا رەخنەیان لیٚ گـــرت . بەلاٚم تیٚي نە گەیشتبون . ئەم باسەی ماموستا علاء الدین وا ئەگەیەنیٚ کە کورد میوان پەروەرن . وەدیسان ئەی خوێندەواران ئێوەیش کە کەسێك رووي کردە ماڵ و نیشتمانەکەتان بي لاوێنن وە خوراکي خوشي بدەنیٚ .

ماموستا نجم الدین ملا

تەماشام کرد هێشتا (ئێسگە — مەحەتتە) شوێنی شەمەندوفەر وەستانەکە دوورە. هەرچی چونێك بوو بەدووجار کەلو پەلەکەم گەیاندە چاپخانەیەك کەنزیکی شوێنی ناوبراوبو. سەعات سێ بوو لام وایە (کاك فەوزی) وەئەوان بویە پەلەیان لێ کردم بودابەزین ویستیان جیگا بوخویان خوش کەن کەبنون. لەوێ مامەوە هەتا بەیانی. زوو پێش هەتاوکەتن «عەرەبانە ـ گالیسکە» هات سوار بووم چووم بوقوتابخانەکە لەوێ دابەزیم ئێستگەکە نزیکی نیو سەعات لەشارەکەوە دووربوو.

بەهوی ناوهێنانی خوالێخوشبوو «رەشیـــد مەستی» هەندێ قسەی جوان و نەستەقی هەیە ئەیگیرمەوە: —

سالی ١٩٢٤ «کومەلی گەلان ـ عصبة الأمم» هاتن بـو کوردستانی جنوبي بودەنگ وەرگرتنی «ئیستیفتـا» بزانن (تورك) یان ئەوێ یان «عراق؟» ئەوسـا تورکەکان بەناوی ولایتي موصلەوە داوایان ئەکرد. وەختێ هاتنە سلیـمانی خوالێ خوشبوو بانگ ئەکەن بیری وەرگرن لێی ئەپرسن؟ لەوەراما ئەلێ: ـ لەدەمیکەوە ئێمە لەگەل دەولەتی عوسمانی داین هەروا لەسەر ئاینیکین بەلام لەبەرئەوەی ئەمانە نەتەوەیەکی شەر کەرن لەبي دنیاوە دوودەولەت بچن بەگژیەکا ئەمیش بێ ئەوەی سوودیکی تیا ببێ خوی داخلی ئەوجەنگە ئەکا. لەشەرێیەکەما بەچەند هەزاران لێمان کوژرا، وەگەلیکمان لەپیرو گەنج ومنال لەبرسا مردن وەلەناوچوون لەبەرئەوە نامانەوێ جاریکي تر بچینەوە ژێردەستیان لەگەل عراقا ئەبین بەومەرجە مافي گەلەکەمان



Scanned by CamScanner

بپارێزرێ بەپێی بریاری کومەڵی دەوڵەتەکان (١) رشیدمەستی
لە ١٨-١٠-٩٥٧م بەولافاوە گەورەیەی کەلەسلیمانی رووی دا
لەماڵەکەی خویدا خنکا . خوالێخوشبوو هەموو ساڵێك لەپێش
باران بارینا نوسراوێکی ئەدا بەکار بەدەستان کەشەدەکەی ژوور
شار پاك بکەنەوە چونکە پیاوێکی ژیرو دنیـا دیدە بوو لافاوی
زوری دیبو لەسلیمانی دا .

چەند روژێك لەبنای مەکتەبەکە مامەوە لەدواییدا لەگەڵ
ماموستایەکی هاورێم خانوێکمان گرت بەکرێ لەوێ تووشـی
نەخوشی بوم . لەگەڵ ماموستایەکەما بەرێوەبەری قوتابخانەکە
ساردیەك کەوتە بەینمانەوە ، لەدواییدا نەما .

قوتابخانەکە چواربوڵ بوو ئەهالی ئەوێ کوردن وەکەمێ
تورکمانیشی تێدایە . لەوێ بەعەرەبی ئەیانخوێند لەکاتی دەرسدا
پرسیارم ئەکرد کەڵکی مریشکم لێ ئەپرسین یەکێ لەقوتابیـیە ـ
کان وەرامی دامەوە ووتی : ( خایە ) (٢) ئەکات منیش مەعناکەیم
نەزانی یەکێکی تر هەڵسا ووتی : ( بیـض ) خایەیە ئەوسا زانیـم
کەکوردی ئەوناوە بەهێلکە ئەڵێن خایە . لەمەوە بـومان دەر
دەکەوێ منال لەقوتابخانەی سەرەتایی پێویستە بەزمانی دایك و
باوکی بخوێنێ چونکە باشتر تێ ئەگات وەزووتر فێر ئەبێ .

ساڵی ٩٢٧—٩٢٨ لەوێ رام بوارد ئەوساڵە لەوێ زور
ناخوشم رابوارد وەچونکە چێشتخانە وەشوێنێکی وانەبوو نانی

---

(١) منیش باوکم لەم شەرەدا کوژرا { نووسەر }
(٢) خایە — بەفارسی گوونە

لێ بخوێن وەکەسیش نەبوو نانمان بو بکات . لەدوای نیوەی ساڵ من بەتەنیا لەخانوەکەدا مامەوە هاوڕێ کەم دایکی هێنابو ئەو جیابوەوە . کەتەعتیلی هاوین هات هاتمەوە بوسلیمانی .

** ** **

## گوڕانم بو چەمچەماڵ

روژی ١٦-٩-٩٢٨ فەرمانم لەبەڕێوەبەری زانیاري هەرێمي بەغداوە وەرگرت کەبچم بو : چەمچەماڵ روێشتم بوشوێنی ناو براو قوتابخانە کە چوار پۆلی بوو لەخانویەکي کۆندا بوو وەسێ ژووری تێدابوو . چوار پۆلی دوو ، دوو لەژوریکـدا ژووری سێ هەمیش منو ماموستای یەکەم کەناوی سید قادر بوو تیا دا ئەنیشتین بەشەویش بەڕێوەبەري تیا ئەنوست وەخواردني بـە دەستی خوی ئەکرد کەسی نەبوو . من خانویکم گـرت ناردم بە شوێن دایکما بوچاودێری خواردنو ئیشو کاری ماڵ .

ئەوسا لە خوا لێخوشبوو صـالح زەکی لەوێ قائممقام بوو پیاویکي باش بوو حەزی لەزانستی وئاوەدانی وولات ئەکرد وە یارمەتی ئێمەی ئەدا بوێژی مەزن شێخ سەلام وە قادري ئایشەخان وە عزەتی تەل وەچەند کەسیکي تریش کەناسیـاو بوون لەوێ بوون . روژێك ئێواری چوومە لای ئەوکومەلە لەگەڵ خوالێ خوشبوو قادری ئایشەخان ئەیان خـواردەوە یەکێ لەکومەلەکە ووتی پێکي بخورەوە بوی راگرتم منیش ووتم ناخومەوە خوا لێخوشبوو قادرئەفەندی ووتی : بافێری ئەمە نەبێ ئێمە فێري

ئەم شتە خراپە بەزیانە بووین بائەوماموستایە نەیخواتەوە . ئەمە
بەپێچەوانەی هەندێ کەسە کەخوویەکی بێ حەزئەکات ئەوشتە
خراپە هەموو کەسێ بیکات . پیاوێکی باش بوو بەرامبەر هەژارو
داماوو بێدەسەڵات یارمەتی ئەدان .

پاش تەواوبونی خوێندنی ساڵی ۹۲۸ ـ ۹۲۹ تەعتیل دەستی
پێ کرد لەگەڵ دایکما هاتمەوە بوسلیمانی . پاش تەواوبونی تەعتیل
دیسان هاتمەوە بوچەمچەماڵ . لەساڵی دووەم خانوێکی تازە کرابو
بوقوتابخانەکەمان چووینە ئەوێ وەپاش مانگێ ماموستایەکی تریان
بوناردین وەپۆلی پێنج کرایەوە ناوی عەونی سەید کاکە بوو
خوا لێی خوش بێ خوشکەزای ماموستای یەکەم بوو .

روژێک دانیشتبوین هەرسێکمان لەبەرحەوشی قوتابخانەکە
سەید قادر بەعەونی ووت هەڵسە ئەوشەربەیە پرکە لەئاو .
ئەویش ووتی بەتوڕەییەوە خاڵو من فەڕاش نیم ماموستام وەکو
تۆ لەسەرئەمەوە لێیان بووبە دەمەقاڵێ خوا لێ خوشبوو شکاتی
لەسەید قادری خاڵی کرد لای قائمقام ئەویش ناردی بەشوێنیا
لەوبابەتەوە لێی پرسیم لەوەراما هەرچی راست بوو تێم گەیاند
ئەوەندەی پێ نەچوو سەید قادریان گۆڕی بوکرکوک لەجیاتی
ئەو رەفعەت بەکر بوو بەبەڕێوەبەری قوتابخانەکە، کەئەو هات
ئیش و کاری قوتابخانەکە ریکوو پێک بوو بەخوشی رامان بوارد
وەکەشافەمان دامەزراند وەچەند کچێک جلی کەشافەیان لەبەر
کرد . بەڕێکەوت نزیکی تەعتیلی نیوەی ساڵ کومەڵی کەشافەی
قوتابخانەی ماموستایان لەگەڵ دوکتور متی عقراوی وەکریم

عبران هاتنە مەکتەبەکەمان ئێمەیش پێمان ووتن ئەم کەشافانەمی
ئێمەیە پێنج شەش کچی تێدایە زوریان لاخوش بوو وە سەریان
سوورما دەستیان کرد بەنیگار گرتنی کچەکان بەجلی کەشـافەوە
بەجیا وەبەجلی کچانەوە . کەچوونەوە بو بەغـدا لەروژنامەکانا
نووسیان « بەغداد پێشت کەوتوون » لەبابەت ئەم کچانەوە کە
بەرگی کەشافەیان لەبەرابوو، ئێستایش نیگاریان لە گـــوڤاری
کەشافەدا هەیە .

ئەوساڵە لەپێش امتحانی نیوەی ساڵدا مفتش هاتە ئەوێ
بەئێمەی ووت ئەمساڵ لەکرکوك پێش نیاری ( استعراض - خۆ
پیشاندان ) ئەکرێ ئەبێ ئێوەیش داخڵ بن وە قوتابیەکانتان
« أهرام » ی بکەن خوی هات جورە أهرامیکی گرانی بەچەند
قوتابیەك کرد بەڵام قوتابیەکان لەبەرمناڵی نەیان ئەتوانی بیکەن
منیش وتم ئەمە بوئەمانە گرانە پێ یان ناکرێ مناڵن . چەند جارێ
پێمان کردن گەلێجار تێکیان ئەدا ( سێ نهومی بوو ئەهرامەکە )
مفتشی دیوانی هەرئەیووت ئەیکەن ، ئەیزانن قسەی ئێمەی وەر
نەئەگرت .

روژی ۲۰-۵-۹۳۰ من کەماموستای وەرزش بووم لەگەڵ
قوتابیەکە کەشافەکان وەبەرێوەبەر رەفعەت چووین بو کەرکوك
بوسبەینێ سەعات سێی پاش نیوەڕۆ دەست کرا بەپێش نیارەکە
کەنورە هاتە سەرئێمە کەلەئەهرامە سێ نهـــومەکان بکەین
قوتابیەکان نهومی دوەمیان تەواونەکرد کەوتن و روخان هەمومان
لەوێدا شەرمەزار بووین . گوێم لێ بو یەکێ لەدانیشتوەکان وتی :

کورد لەهەموو شتیکا بەدبەخت وبی‌شانسە . کاك دەبونی بەم‌جورە دەستي بردين . پاش ئەوە بەدل تەنگی هەمووکان گەراینەوە بو چەم چەمال . سالی دوەمیشم بەم جورە لەوێ تەواو کرد وە هاتەوە بو سلیمانی .

** ** **

# روژی «٦»ی ئەیلولی ٩٣٠

و بەندیـــم

کەئەعتیلی هاوین دەستی پی‌کرد (مظاهرە - خوّدەرخستن) لەهەمو لایەکەوە دەست پي‌کرا بەتایبەتی لەناوسلیمانی‌دا بزوتنەوەیەك پەیدا بوو . وەدەست کرا بەبروسکە لیدان بەهەزاران ئیمزاوە وەداوای مافي کوردیان لەکومەلی گەلان «عصبةالأمم» وەلەسەرەکی حکومەتي عراق ئەکرد بەتایبەتی لاوان‌وقوتابیـان بەگەرمەوە کومەلیان ئەکرد لەشەقامەکاندا داواي لامەرکەزی یان ئەکرد . ئەوەندەی پێ نەچوو سەرەك وەزیرانی عراق (جعفر عسکري) وە (بالویز - سەفیر) ی ئینگلیز وەچەند کاربەدەستانی کەلەبەغداوە هاتن بوسلیماني بوتەماشا کردنی ئەم هەرایەو داوا کردنە ئەوروژە کەئەوان هاتن لەدەشتی کانیسکان هەمودانیشتوانی شارەکە کوبونەوە دەست کرا بەموزاهەرە بەهاتنی ئەوان سەرەك وەزیران رووەو سەرا رویشتن وەکومەلێ لەناوداران وەخوێندەواران چوونە لایان کوبونەوە دەست کرا بەداوا کردنی ئەوشتانەي کەلەپێشەوە باس کراوە بەلام ئەوان دانیان پیا نەئەنا



Scanned by CamScanner



وینەی موزاهرەی هەراي ٦ ایلول ٩٣٠

لەشاري سلیـــمانی



Scanned by CamScanner

بەڵام ئەوان دانیان پیا نەئەنا ئەیان ووت : وابەزمانی خۆتان ئەخوێنن وکاربەدەست لەخوتانە لەمە زیاتر هیچی تر لەتوانادا نیە بتاندرێتێ . بوسبەینێ ئەوان رویشتنەوە ئەوەندەی پی نەچوو ناردیان بەشوێن متصرفي سلیمانیدا کە توفیق وەهبي بوو ، لەجیاتی ئەو کابرایەکی ئینگلیز کەمفتشی ئیداری بوو لەجێی دانیشت پاش چەند روژێ هەڵبژاردني نائبەکان هاتە پێشەوە میري هەرچی پێویست بوو ، بوئەمە دەستی پێ کرد . بی ئەوەی پرس وەیا دەنگی دانیشتوان وەرگرێت کە ئەیان ویست هەڵبژاردن سەربەستو ئازادبي گوێیان نەدانێ .

لەئەنجامدا روژی (٦) ی ئەیلول ٩٣٠ میری سەر لەبەیانی مونتەخەبە دووەمەکانی هەمو بەدزیەوە بانگ کرد . وە لەسەرادا کوبونەوە بودانانی نائبەکانی سلیمانی کەمیری پاڵاوتبـوونی ﴿ تەرشیح ﴾ ی کردبون لەسەرئەمە لەهەموو لایەکەوە دانیشتواني سلیماني بەپیرو لاوو قوتابيو کریکارەوە لەبەردەرگـای سەرای ئێستا کوبوونەوە خوپیشاندان دەستي پێ کرد هـاواریان ئەکرد ئەم مونتەخەبە دووەمەمان ناوێ کە نائبەکانمان بوهەڵبژێرێ ، ئەما نەوێ هەڵبژاردن لەجێی گەلەکەمان سەربەسـتو ئازاد بێ کە مافي نەتەوەکەمان داوا بکەن . ئەم کوبوونەوەیە وە گەرم کردني خوا لێخۆشبوو ﴿ بێکەس ﴾ بوو دوسێجار پولیسەکان فڕانیان وەلەلایەن شورش گێرەکانەوە ئەیان سەندەوە . لەئەنجامدا لەگەڵ پولیسدا بووبەشەرە دارو بەرد هاویشتن هێزی پولیس نەیتوانی ئەم هێرشی گەلە بوەستێنێ هەمو خویان خزانە سەراوە ودەرگـا

یان لەخویان داخست . وەلەلایەن شورش گێـڕانەوە دەست کرا بەبەردە بارانی سەرا (١) تیلاڵی وەك ڕمی نادرشایش ئەکیشـرا بەپەنجەرەکاندا پولیس ودانیشتوانی سەرا ، کوونە مشکیان لێ بو بەکوشکو سەرا ڕاستە گەل کەیەك بوو هێرش بەرنە سەرهەر قەڵایەك ئەیڕروخێنن وەیان مێشولە یەك کەوێ فیلی مەندەلوس یخ ئەدا .

لەپاشا ئەوەندەی پی نەچوو ﴿و . متصرف﴾ ئینگلیـزەکە داوای سوپای کرد لە حامیە کەفریای بکەون ویارمەتی بدەن وە هێز بەکار بهێنن بو بڵاوکردنی ئەم هێرشە وەئەمری تەقەیان دانێ کەسەربازەکان هاتن بەچەکو شەستیرەوە کەدوو سریە ئەبون لەباخی سەراکەدا خویان دامەزراند ئیتر دەستیان کرد بە گوللە بارانی شۆرش گێڕران وەلاشەو بریندار لەهەمـوو لایەکەوە کەوت . وەبوو بەشیوەن لەهەموو لایەکی شارە خەبات کەرەکە مانا . دوای ئەوە دەست بەجێ دەستیان کرد بە گرتنی دانیشتوانی ناوشار بەگەورەو بچووکو خوێندەوارانەوە . ئەوەندە خەڵـك گیرابوون بەندیخانەکە جێی نەمابوو وە هەندیکیان ناردبوون بوکرکوك پیرەمێرد ئەڵی :ـ

من ڕەنگی سوورم بۆیە خۆش ئەوێ
مژدەی شـەفەقی لێ دەرئەکـەوێ

پاش دوو ڕوژ کەئەوهەرایەو خوێن ڕژانە بووبوو من و

---

(١) ڕمەڕم ڕمیان ئەدا لەسەرا
وەختەبو سەرا بڕمێ بەسەرا ﴿پیرەمێرد﴾

مامۆستا رفیق حلمی وەخــوالێخۆشبوو مصطفی مەولود لەیانەی
ئەفسەرانی ئێستە دانیشتبووین ئەوسا گازینۆ بوو لەپڕ کۆمەڵێ
پۆلیس گردی، بەوشوێنەدا کەئێمەی لێبووین ناوی هەرسیکانی
خوێندەوە بانگیان کردین بردینیان بۆژوورێك کەبەرامبەر ژوری
بەڕێوەبەری پۆلیس بوو. دایان ناین دووسەعات لەوێ ماینــەوە
بێ ئەوەی پرسیارمان لێبکەن لەدواییدا پۆلیسیکان بانگی کرد
ووتمان برسیمانە ئەگەر وازوو بانگــمان ناکەن بنێرن هەندێ
کەباب و نانمان بۆبێنن بێ خوین پاش چارەکێ خواردنەکەیان بۆ
هێنان خواردمان سەروچاشمان خواردەوە. ئەوەندەی پێ نەچوو
هەرسیکانیان بانگ کـرد بۆ ژووری



مەرکەز. سەعات و پارەو شــتی ترمان
چی پێ بوو لێیان سەندین وەراپێچیان
کردین بۆژووری بەندیخــانەکە، کە
نزیکی سەراکە بوو. کەچووین تەماشامان
کرد قوتابی ومامۆستاو لاوو ئەهالی بە
سەریەکا کەوتـــوون لەناو دووژووری
تاریك وەپیس کە بەرامبەر یەکبوون،
یەکی دەستی برینداره، یەکی ســەری
پێچراوە، یەکێ قاچی، بەتایـــەبەتی
(بێــکەس) کەبەقوناغە تفەنگ لێیان
دابو سەروچاویان شکاندبوو، وپێوەندیش
کرابو ئیتر بەبێ هەســت چاوم پڕ بوو

وێنەی خوالێخۆشبو
بێــکەس لەمنالیا وەلە
مامۆستاییا هاورێبوین
نووسەر

لەناو وەفرمێسکم داهێڵا هەروەکو بۆێژ (طاهربەگی جاف) ئەلێ :

ناحەق نیە ناوەستێ ئەگەر پڕدی تحمل
سیروانی سروشکم کەئەکا هاژە لەسەردا

ئەوانیش کەچاویان بەئێمە کەوت ئەوەندەی تر دلگیرو خەمبار بوون .

ئەوژورەی کەئێمەی لێ بوین ماموستا « صالح قفطان » خوا لێخۆشبو ( شیخ محمدی گوڵانی ) وە ( شـوکت عزمی بابان ) وە ماموستا ( عزیز فرج ) وە ( کریم سعیدی زانستی ) وچەند کەسیکی تر

خواردن وهەموو شتێکمان لێ قەدەغە کرابوو کەبومان بێنن . بەیانیان کولێرەیەك لەگەڵ بۆڵێ تریێ رەشکەیان بوفرێێ ئەدایین لەجیاتی بەرچایی چونکە چانەبوو نیوەرۆو ئێـواری چێشتیان بوئەهێناین هەشت هەتا دەکەس لەسەری دائەنیشت ، جارجار برنجیشی لەگەڵابو خـواردنەکەمان ، کەس نەی ئەتوانی بێتە لامان ، بەنورەیش بانگیان ئەکردین بوڵای معاونی مودیری پولیس پرسیاریان لێ ئەکردین وئەیان نووسی هەندێکیان وەکوو « بیکەس » بەرێوە بەری پولیس بەدەمانچە هەررەشەی کوشتنی لێ ئەکرد کەوەکوو ئەوئەیەوێ قسە بکا بێجگە لەوە چەندروژێ کومەلی سەربازیان ئەهێنا کەگوایە روژی هەراکە کێیان دیوە دەست بخەنە سەری . دەستیان خستە سەرهەندێکیـان بێ زانین لەخویانەوە ئەیان ووت ئەمـەمان دیـوە . لەبەرزوری جـێی نوستنمان زور تەنگ بوو بەسەریەکا کەوتبوین ، داخی ئەسپێی زوریش لەولاوە بوەستێ ، بەشەو لەتاوی ئەسپێ خەومان نەبو.

لەگیانی خومان وەڕس بوبوین . لەگەڵ پیاوکوژو جەردەکان لەژوریکا بووین ، ئەوانەی جگەرەیان ئەکیشا لەبن میچی ژورەکەدا ئەیان شاردەوە .

روژێك ( احمد بەگی توفیق بەگ ) کەدوای ئەوهەرایە کردبویان بە « متصرف » هاتە ژورەکەمان ( کریم سعید زانستی ) کەخزمی بوو بەپێوەندەکەیەوە هەڵسا ووتی : ئەمە چیە لەئێمەی ئەکەن ؟ نەپیاو کوژین نەدزین ؟ ئەویش لەوەراما ووتی پێویستە لەسەر گەل بەرامبەر بەقانون وە دەستووری دەوڵەتەکەی سەر شۆڕ کات . بەوێنە « سوقراتی یونانی » هێنایەوە کەچون ئەو ژەهرەی دایانێ خواردی یەوە ووتی : ئیتاعەتی قانوون بەجی ئەهێنم .

هەندیکمان وەکو ( صالح قفتان ) وهەندیکی تر بردیانن بەناوی دەرمان کردنەوە چەند روژێك چون بونەخوشخانە چونکە لەوێ سەربەست بون هەمو جورە خواردنیکیان بوئەهات ، بەلام ئێمە بەرئەوە نەکەوتین هەتا ئەوروژەی کەبەریان داین (بیکەس) بەکوتو زنجیرەوە هەڵبەستیکی نیشتمانی ووت ئەمە یەکەم شعریەتی

ئەي وەتەن مەفتونی تومو شێوەتم بیرکەوتەوە

وەختي بەندی و ئەسارەت بێ بەتەوق و کوتەوە

چەند ئەفسەرانیکي نیشتمانی کورد لەبەغداوە رایان کرد بولای « شێخ محمود » لە « پیران » ەوە جوولا وەکو شێر هاتە خوارەوە ئیتر هەموومان ئیشمان باش بوو ، وەبەرە بەرە دەستیان کرد بەبەردانمان بەکەفالەت شێخ چەند جەنگیکي کرد لەهەمویان

گرنگتر جەنگي (ئاوباریك) بوو. کەبەهێزیکي کەمەوە بەرامبەر ئەوهەمو لەشکرو فڕۆکانە بەرەڵستی کردو وەستا. وەلەئێوارەدا شکان. وەشیخ گەڕایەوە بوبەیانی زوو لەدێیەکی نزیك «پێنجوین» دەرکەوت، بەشەوێك ئەوڕێ درێژەی بردی بوو. دوای ئەوە لەگەڵ حکومەت ڕێك کەوت ناردیان بو «ناصریە» لەپاشا هێنایان بوبەغدا وەلەوێ مایەوە هەتا هەراکەی (رشید عالی) ئەوسا لە لەبەغداوە بەبي پرسی حکومەت هاتەوە دەوری سلیمانی وەلەسەر بڕیاری حکومەتی عراق لەدێی «داریکەلي» دانیشت هەتا ئەم دوایي یە کە عمر علی هیرشي بردە سەر لەبەر پیری نەی توانی بەرامبەری بکات هاتەوە سلیمانی لەپر توشی نەخوشی بوو چوە بەغدا لە ٩-١٠-٩٥٦ م گیانی پاکي بەیەزدان سپارد تەرمەکەیان هێنایەوە سلیمانی شارەکە بەوردو درشتو پیاوەماقوڵانەوە هاتن بەپیریەوە کەهێشتا سلیماني ئەوەی نەدی بوو نزیکي (٥٠) روژ لەبەندیخانە مامەوە.

** ** **

## چوونم بو هەڵەبجە

پاش بەربونم لە ٢٧-١٠-٩٣٠ خوالێ خوشبوو:- (سید نوری بەرزنجی) کە مفتشی زانیاری هەرێمي کوردستان بوو هاتە سولەیمانی لە قوتابخانەی (سەرکەوتن)ی ئێستا نووسراوێکی دامێ کە بچم بۆ هەڵەبجە هەتا ئەمریکی تەواوی تردێ بۆم لە ٢٨-١٠-٩٣٠ چوومە ئەوێ بەڕێوە بەری قوتابخانەکە خوالێ

خۆشبوو (شێخ قادر نوری) بوو وە چەند مامۆستایەکی تری لێ
بوو وەکوو :— (طاهر یحیى) وە (فوزی رشید) وە (عزیز فرج)
وە خوا لێ خۆش بوو (احمد بهجت) هەتا خانوومان گرت لە
قوتابخانەکەماینەوە من و احمد بهجت کە پیاوێکی زور باش بوو وە
حەزی بە چاکە ئەکرد خانوێکمان گرت وە ناردم بە شوێن دایکما بۆ
ئەوەی چاودێری خواردن و ئیش و کاری ماڵەکە بکات نزیکەی
چوار مانگ بوو من معاشم وەر نەگرتبوو (مووچە) چونکە
مفتشی ناوبراو ئەمری گۆڕینەکەمی نەدابوو بە مالیە هەر لە سەر
قوتابخانەی چەم چەماڵ مابوومەوە منیش بە هۆی خوا لێ خۆشبوو
(صالح زکی بەگی صاحبقران)ەوە کە لە بەغدا معاونی بەڕێوە
بەری گشتی وەزارەتی ناو خۆ بوو لەم بابەتەوە نووسراوێکم بۆ
نووسی پاش چەند رۆژێك بۆی جێ بە جێ کردم وەرامی دامەوە
رۆژێك فروکەیەك هات پۆستەی هێنا فەرمانی مووچەکەمی تیابو
هەر چوار مانگەکەم بە جارێ وەر گرت (٤٣٠) روپیە بوو پارە
یەکی زۆر بوو ئەو وەختە وەکوو لە پێشەوە باسم کرد بە هۆی
شۆرشی (شێخ محمودی نەمر) کە لەشکرەکەی نزیکی هەڵەبجە بوو
لە بەینی سولەیمانی و ئەوێ هاتوو چۆ نەئەکرا گەلێ جار پۆستە
بە فڕۆکە ئەهات (شێخ) خورماڵی گرتبوو هەڵەبجە کەوتبووە
ترسەوە کە ئەمڕۆ سبەینێ لەشکری شێخ محمود دێتە ناوی (حامید بەگی
جاف) ناردبووی بە شوێن (جعفر سلطان) لە هەورامانەوە هاتبون
بە ناوی پارێزگاری هەڵەبجە بێ جگە لەوە عەشیرەتی (نەورۆلی)
کە لە دێیەکانی خۆی دائەنیشتن ئەوانیش هاتبوون بۆ هەڵەبجە

وە هیچیان لە وانە نەبوون پچن بە گژ شێخ دا وە نەیان ئەتوانی بەرهەڵستي بکەن .

( مصطفی ی حاجی ابراهیم ئاغا ) کە ناوی دەر کرد بوو بە قسەی خۆش ئەوسا لەوێ مأموری مالیە بوو زۆر جار بە منی ئەووت با شێخ بێت هەرچي پارەیەکت هەیە کە تازە وەرت گرتووە کارێکي وا ئەکەم کە هەمووی ببەخشێ پێي یان .

شەوێك من و خوا لێ خۆشبوو ( احمد بهجت ) وە مامۆستا ( فوزی ) وە « کاکەی فەراش » لە گوێ ئاگری کورەي ژورەکەمان دانیشتبوین گوفتوگومان ئەکرد . زوری باسی کورد وەلەشکری شێخ بوو لەژورەکەدا ، هەشت نۆ قاپ شەرابم دانابو لەوێ بویان گرتبوومەوە هێشتا نەگەیشتبوون لەکەفو کوڵابو « تخمر » لەپڕ دووسێ تەقەی قایم لەسەریەك هات فەوزی و کاکەی فەراش ڕاپەڕینە دەرەوە لەوان وایە تەقەی لەشکری « شێخ » ە منیش لەگەڵ خوا لێخوشبوو احمد بهجت هەڵساین تەماشامان کرد شووشە شەرابەکان سەرەکانیان هەڵداوە ، وەهەڵجووەو ڕژاوە ، فەوزیو کاکە رویشتبون لەگەڵ احمد بهجت چراکەمان هەڵگرت لەنزیك شووشەکانەوە دامان نابوو من خەریکي سەری شوشەکان بووم قایمم ئەکردن خوا لێخوشبوو بەدیارمەوە وەستابو پاڵتو یەکي تازەی ئەوروژە بوهاتبو وەدابوی بەشانیا لەبەر سەرما ، کەوتبوە سەر بۆریەی چراکە وەختێ بەخوی ئەزانێ دوکەڵی لێ هەڵ ئەسێ تەماشای کرد داوێنی قاپووتەکەی هەندیکی تەواوی

سوتاوە. زور عاجزبو وەبوڵەی کرد. هەروا منیش پێم ناخوش بوو کەئەم زیانەی لێ کەوتوە لەئەندامدا شوێنی سوتاوەکەی بڕی وقارسي کرد لەوێ فێری شەرابخواردنەوە بوبو. ئەنجامی ئەم شتانە هەموو کاتێ خراپەی لێ ئەوەشێتەوە حامید بەگ وە جعفر سلطان وە هەمو بەگزادەکانی ئەوناوە چونە لای شێخ محمود کەلەخورماڵ بوو ئیتر لەشکرەکەی نەهێنا بوهەڵەبجە وە ترس نەما.

ئەوسا لەوێ رامان بوارد. پێش تاقي کردنەوەی ئاخری ساڵ چەند قوتابیەکي پۆلی شەشمان رایان کردبوو بولای شێخ محمود کەتەعتیل هات لەگەڵ بەرێوەبەری قوتابخانە وە هەموو ماموستاکان وەماموستا «احمد عزیز» یشمان لەگەڵابوو چووین بوهەورامان بەناوی سەیران و گەڕانەوە چەند روژێ لەتەوێلەو بیارەو هانەگەرمەلە وەسەرچاوەی زەڵم رامان بوارد لەپاشا هاتینەوە بوسلیمانی بەرێی هەڵەبجەدا. لەوسەفەرەدا نوری ملا حکیم وە مصطفی برای کەقوتابي سەرەتایي بوون لەگەڵمانا هاتبوون.

** ** **

# گوێزرانم بو عەرەبەت، عەبابەیلي

تەعتیلي قوتابخانەکان لەتەواو بوونا بوو پێیان ووتین: کە هەموومان لەهەڵەبجە گوێزراوین منیات ناردبوو بوٚ: - عەربەت. چووم بوٚ: کەرکوك وە ماموٚستا «طاهر یحی»م لەگەڵابوو چاومان بە مفتشي

زانیاری کوردستان کەوت گوفتوگۆمان لەگەڵا کرد. لەبابەت گۆڕین مانەوە بەڵام بێ کەڵك بوو. لەدوایی‌دا زانیمان ئەوقوتابییانەی کەرایان کردبوو بۆ: لای «شێخ محمود» گوایە ئێمە ناردوومانە لە پاشا بەڕێوەبەری زانیاری گشتی بەغدا زانی گۆڕینی مامۆستاکان لەجێی خۆیان نیە زۆریان پێ هەڵوەشانەوە. قوتابخانەکەی عەرەبەتیان گۆڕی ناردیان بۆ عەبابەیلێ منیش لە ٢٠—٩—٩٣١ چووم بۆئەوێ لە خانوێکی کۆندا قوتابیەکانم کۆ کردەوە لەبەرئەوەی کورسی و کەل و پەلی خوێندن نەهاتبوو چەند ڕۆژی لەسەر حەسیر قوتابییەکانم داناو فێرم ئەکردن. مەلایەکی دانیشتوی دێیەکەیان هێنا کەدەرسی دین بڵێتەوە. پارەی فەرراشەکەیان ئەدا بەئەو، ئەویش یەکێکی گرتبوو: پاکوو خاوێنی قوتابخانەکە، لەدەرەوە منداڵان کەمنیان ئەبینی رایان ئەکرد ئەیان ووت واسەربازەکە هات خانوێکم گرتبوو بەکرێ وەدایکیشم لەگەڵما بوو، وەدەستێ نوێنم بەیەدەك لە هەڵەبجە لەماڵی هاوڕێکانم دانابوو، وەکو: مصطفی مەولود (مجیدعلی) کە ئێستا «زەعیم»ە لە بصره، (أحمدصبري) ئەویش لەوی مأموربوو، رۆژی هەینی وەیا دووشەموان ئەچوومە لایان لەوێ پێکەوە رامان ئەبوارد.

«حامیدبەگی جاف» کەلە هەڵەبجە قائمقام بوو لەو بەینەدا گۆڕرا بوو لەجێی ئەو «م» بەڕێوەبەري پۆلیسی سولەیمانیان ناردبوو زۆرم پێ ناخۆش بوو، هەروا گەنجەکان و خوێندەوارەکان وە گەلێ کەسی تر لەنیشتمان پەروەران بەم گۆڕرانە دڵگیر بوون چونکە «م»ی ناوبراو لەسلیمانی لەهەرای شەشی ئەیلولدا لەگەڵ

Scanned by CamScanner

مانا خراپ بوو وەئێشی پێ ئەگەیانین . شەوێك منو مامۆستا «گۆران» وەكاك (مجید علی زەعیم)و «أحمد صبری» وخوا لێ خۆشبوو «مصطفی مولود» دانیشتبووین ئەمان خواردەوە رووم كردە هاورێكانم ووتم «حامید بەگ» پیاوێكی ژیر نیە بۆچی ئەرروا هەلەبجە بەجێ ئەهێڵێ ؟ كێ ئەلێ گوێزراوە ؟ داوای ژمارەوەتأریخی ئەمرەكەی بكات لە «م»ی ناوبراو . ئەوانیش بەگەرمەوە قاقا بە قسەكەی من پێكەنین .

داخم لەدڵا بوو ئەو رۆژانەی بەندیخانەم ئەهێنایەوە بیر ئەم قسانەم بەخەیاڵ ئەكرد ، خەفەتی خۆم ئەدا بەبا ، چونكە لەوەزیاتر شتێ ترم لەدەس نەدەهات بیكەم .

زۆر جار خوا لێ خوشبوو «مصطفی مەولود» بیزانیایە ئێواری لەلای ئەوان نان ئەخۆم خواردنی باشی ئەكرد منیش كەوتبوومە فێڵ كردن نزیكی ئێواری وولاخەكەم زین ئەكرد هەندێ خۆم دوور ئەخستەوە لە پرر لەوەختی نان خواردن ئەچوومە سەریان ودائەنیشتم لەگەڵیانا دەسم ئەكرد بەنان خواردن لەوشتە باشانەی كە كردبوویان . خوا لێ خۆشبوو پەست ئەبوو موڕ ئەبووەوە، هەولێ ئەوەی ئەدا گۆشتی فڕوجەكەم بەركەوێ هەندێ جار ئەوانیش ئەهاتنە لای من بۆ :—

«عەبابەیلێ» شەو ئەمانەوە .

«ئەفراسیاو بەگ» لەگەڵ پیاوەكانی لەگەڵ میریدا تێك چوو بوو، خویشی وون كردبوو هەندێ جار ئەهاتە عەبابەیلێ بەشەو ، رۆژێك قائمقام ناردی بەشوێنیا لێی پرسیم ووتی: ئەفراسیاو بەگ

وه پیاوەکانی دەبینێ لەعەبابەیلێ منیش لەوەراما ووتم: من ماموستام ئیشم ئەوەیە بە قوتابی یەکان بخوێنم مافم بەسەر هیچی ترەوە نیە من ئەمانە ناناسم وە نەم دیون ئەویش ئەم وەرامەی پێ خۆش نەبوو .

نزیکی تەواو بوونی سالی خوێندن بوو مفتشی زانیاری کوردستان لەگەڵ ماموستای قوتابخانەی هەلەبجە هاتن بو: لای من ئەو روژە تفتیشی تەواو کرد شەو لای من مانەوە ئێواری لەسەربان جێگەمان داخستبوو پاش نان خواردن دەستمان کرد بەقسەی خوش و نەستەق لەسەر بریاری مفتش دەستمان کرد بە یاری «باوباوفیل ئامەدە» ئەمەوێ باسی ئەم یاری یە کون و خوشە بوخوێندەوارانی بەرێز بکەم :-

شەش هەتا ٧ کەس وەیا زیاتر لەوێنەی دائرەدا دائەنیشن یەکەم جار لەلایەن یەکێکەوە کە وەستایە ئەلێ: «باوباوفیل ئامەدە» ئەوانیش دوای ئەمە ئەیسێننەوە ، وەجاری دووەم وەستا ئەلێ «باوباو فیلی یەك دەست ئامەدە» وە دەستێکیشی رائەوەشێنێ ئەوانیش هەموو ئەیسێننەوە . دەستێکیان رائەوەشێنن . جاری سێیەم وەستا ئەلێ : «باوباوفیلی دوو دەست ئامەدە» ئەوانی تریش هەموو بەجارێك ئەمە ئەسێننەوە ، وەهەردوو دەستیان رائەوەشێنن لەگەڵ وەستادا، لەدووایی دا وەستا ئەلێ : (باوباوفیلی دوودەس و یەك سەر وە دووپا ئامەدە) وەئەم ئەندامانەی رائەوەشێنێ ئەوانی تریش هەر وەکو ئەو ئەیلێنەوە . وە ئەو ئەندامانەیان پێکەوە هەموو رائەوەشێنن .

ئیتر لەکوونێکەوە سەیرت بکردایە (م) بەمێزەری سپی و ەریشی پانی درێژ وەچۆن هەموو ئەندامێکی خوی ڕائەوەشان؟ ئەو کومەڵە بەراستی دیمەنیکی سەیری دروست کردبوو پیاو پێکەنینی نەئەنیشتەوە. ئەو شەوە تادرەنگ بەو جۆرە رامان بوارد بەخوشی و پێکەنین. بەیانی کە لەخەو هەڵسان بەرچاییان خوارد و ڕویشتنەوە بۆهەڵەبجە.

کەوچانی گەورە دەستی پێ کرد هاتمەوە سلیمانی لەو تەعتیلەدا ژنم هێنا سالی دووەمیش ۹۳۲—۹۳۳ دیسان هاتمەوە بوئەوێ لەو ساڵەدا ﴿ بەریوەبەري زانیاری سلیمانی ﴾ کە ناوی ﴿ مجید یوسف ﴾ بوو هات بوتفتیشي قوتابخانەکەمان ووتي: سالێکی ترکەدێت ئەت هێنمەوە بۆسلیمانی لەتەعتیل دا هاتەوە بەماڵەوە ئێتر نەچوومەوە بوئەوێ.

** ** **

# گوررانم بو قوتابخانەی سەرەتایي سلیمانی

لە ۲۰ي ئەیلولی ۱۹۳۳دا ناردمیان بوسلیمانی بەریوەبەری قوتابخانە کە (صالح قفتان) بوو ئەوساڵە من و ماموستا (جلال محمد) هەر دووکمانیان دانا بەماموستای لەناوبردنی نەخوێندەواری ﴿المكافحة الأمية﴾ مووچەی ساڵەکە، کە هی هەریەکەمان (۹) دینار بوو لەپێشەوە دایانینی تەعتیلی نیوەی ساڵی ئەو ساڵە چووین بو: بەغدا بو: بی نیني ﴿پیشانگای کشتوکاڵ﴾ یەکیکمان «ع» دوو-

بەرەیەکی پێ بوو کە شەو چووینە واغونی شەمەندوفەرەکەوە
بۆ بەیانی گەڕاین بۆی نەمان دۆزیەوە، دزرابوو، ئێمەیش لەگەڵ
هاوڕێکانمان مامۆستا «جلال محمد» وە «طاهر یحیی» وە ﴿زەعیم مجید-
علی﴾ هەندێ ژن لەوێ دانیشتوون بەعەرەبی لێمان ئەپرسین دوو-
بەرەتان نەدیوە مالی ئەمانەتە، وپێ کەنینیشمان ئەهات. ئیتر
زۆر بەوە رامان بوارد .

کە هاتینەوە سلیمانی داوای پارەی موکافەحەکەیان لێ کردینەوە
زۆر پێمان ناخۆش بوو چونکە پارەکەمان خەرج کردبوو، لەدوایی دا
میری زانی بوی کەپارەی مووچە لەپێشەوە نادرێ .

پێش ئەوەی سالی ٣٣ — ٣٤ تەواوبێ ﴿مجید یوسف﴾ بەڕێوەبەری
زانیاری مرد لەجێی ئەو —ر.ك— یان دانا رۆژێك بەڕێوەبەری
زانیاری سلیمانی ناردی بەشوێن چەند مامۆستایەکا لە ژوورەکەی
خۆی کۆی کردنەوە ووتی : ئەبێ یەکێ بچێ بۆ هەڵەبجە لەبەغداوە
فەرمانمان پێ کراوە تۆمەز —صدیق عارف— ناو کە لە هەڵەبجە
مامۆستا بوو تکایان لا کردبوو کەبیهێنێتەوە سلیمانی ووتی قور-
عەتان بۆ ئەکەم لەئەنجامدا من بەرکەوتم . لە ٢١—١—١٩٣٥
چوومە هەڵەبجە لەدوایی دا زانیم لەقورعەکەدا فێڵی کردووە ویستوویەتی
کەمن بنێرێ . ئیتر هەر یەکێ لەخۆی گەورەتر ئیشێکی پێ
بسپاردایە ئەگەر سەد کەسیشی پێ ماڵ وێران بووایە ئەیان کرد .
بەتایبەتی کەسێ بێ پشت و هۆ بووایە . لەشوێنی ناوبراو بووم بە
مامۆستای وەرزش و کەشافە . بەڕێوەبەرمان «رفعت بکر» بوو کە
ئینسانێکی باش بوو ، وەلە چەم چەماڵ پێکەوە . کۆمەلی

کەشافەمان ئەوسا لە ڕێك خست وە بردمانن بو «پێنجوین» وە لە وێوە بو: سلیمانی، هەموو کەشافەکانی سلیمانی بەپیر هاتنەوەیەکی جوانیان کردین، دوو روژمانەوە.

لە ٦-٧-٩٣٥ ناردیانین بو دەورەی خوێندن لەقوتابخانەی ماموستایان لە «کرخ» بووین «٥٠» روژ لەوێ مانەوە، بەو گەرمایە زور ماندوو بووین چونکە ئەوسا هوی فێنکی وەك ئێستا نەبوو..

** ** **

## گوزرانم بو بەکرەجو

لە ٢٤-٣-٩٣٧ لە بەرێوەبەری زانیـــازی کەرکوکەوە فەرمانم بوهات کە بچم بو: بەکرەجو مالم لەسلیمانی دانا خوم بەتەنیا چوومە ئەوێ گەلێ روژ فەراشەکە خواردنی بو ئەهێنام بو: ئەوێ زور جار *قوبلی بەترشی پرلە گوێز* لەقابی سەفەریدا بوم ئەهات لەوێ لەگەل هەندێ هاوڕێ وەکوو: عمری أحمد بەگ وە کریم سعیدی زانستی پێکەوە ئەمان خوارد هەر وەکوو منیش هەندێ روژ نانم لای ئەوان ئەخوارد *عمر* ئەی ووت : دایکی رەشید بیستوویەتی عەلی شیش بەگوێز قەلەو ئەبێ، وائەزانی ئەویش بەگوێز قەلەو ئەبێ لەبەر ئەوە هەموو وەختێ قوبلیەکەی گوێزی زوری تێ ئەکات . کە ئەو ساڵە لەوێ بووم *جعفر خیاط* بەرێوەبەری کشتوکالی ئەوێ بوو لەگەڵمانا باش بوو ، وەلە هەموو شتێکا یارمەتی ئەداین .

## گورانم بو قوتابخانەی فیصلیە ـــ سەرکەوتن

لە ٢١ ـــ ٩ ـــ ٩٣٧ لەبەکرەجۆوە گوڕیبیان بو ماموستای قوتا-
بخانەی ناوبراو بەڕێوەبەر علی ئاغا بوو .

## گورانم بو بەڕیوەبەری قوتابخانەی مەلکەندی

لە ٢ ـــ ١٠ ـــ ٩٣٨ کرام بە بەڕێوەبەری قوتابخانەی مەڵکەندی ئەو سالەدوو پۆل بوو ، وە بەمنەوە دوو ماموستای هەبوو بەرەبەرە ـ پولەکانی زیادی کرد هەتا کوو بوو بەقوتابخانەیەکی چــوار پولی لە تەعتیلی سالی ١٩٤٠دا لەگەڵ چەند ماموستایەکی تر ناردیانین بو دەورە لەبەغدا وە شوێـنی خوێندنەکەمان «رۆستمیە» بوو ، ماوەی «٥٠» روژمایەوە زور ماندوو پەرێشــــان بووین لەبەر گەرماو مێشوولە ، لەبەر ئەوە شەونەمان ئەتوانی بنووین گەلێ شـەو ئەهاتینە بەغدا لە ئوتێلەکان ئەنووستین سالی ٩٤٧ ئەم قوتابخـــانەی مەڵکەندی یە بوو بە سەرەتایی تەواوی شەش پۆلی .

** ** **

# «راوي قەرەداغ»

لە ٢٠ـ٧ـ٩٤٤ من وعەلی ئاغا لەگەڵ خوالێ خوشـبوو أحمدبهجت کە بەڕێوەبەری قوتابخانەی ئەوێ بوو بە ئوتوبیل هەر سێـکمان چووین بو قەرەداغ بوڕاوەسەرکانی ، دەمێـــك بوو خوالێ خوشبوو داوای نێرە کەوێـکی ڕاوی لە مالی عزمی بەگ ئەکرد . ئەو روژە دەســـتی کەوت وەلەگەڵ خوی دا هێنای

رویشتین هەتا کانیەکەی شاخەکەی ﴿دار ماز لە﴾ لەوێ هەندێ

سوێسکەمان. هەڵسان عەلی ئاغا ووتی ئەچم‌بویان ، رووەو

خواری شاخەکە ڕۆیی لەوکاتەدا أحمد بهجت کەوەکەی بـە

قەفەزەکەوە ذاگرت بەبیری ئەوەی هەندێ ئاوی بداتێ لەپرر

کەو لەقەفەزەکە هاتە دەرێ وەفجووقی کرد بولای عەلی ئاغا لەو

وایە ئەمە. کەوی کێوی بە تفەنگێکی پێوەنا کەوەراوییەکەی

خوالێ خۆشبووی کوشت کەهاتەوە بۆلای ئێمە کەوە کوژراوەکەی

بەدەستەوە بوو ، پێمان ووت : ئەوە کەوەکەی أحمد بوو کوشتت

ئەویش ووتی : چون ئەوە بوو؟ ئیتر (م) زور توورەو گرژبوو وە

بۆلایەکی زوری کرد. وەهەروائێمەیش زور پێمان ناخوش‌بوو کە

ئەم هەڵەیە کراوە . لەهەمووی ناخوش‌تر ئەوە بوو : کە گەیشتینە

(قەرەداغ) «مصطفيی ملاحکیم» ئەی‌ووت : بە « أحمدبهجت » مامە

ئەو قەفەزە خاڵیەت بۆهێناوە چونکە زۆرمان هەیە .

بوسبەینی هەموو کەلو پەلو خواردنمان رێک‌خست وەپاش

نیوەڕۆ بە سواری وولاخ رووەو دێی «کۆشک» رویشتین کە

نزیک دێی «سێوسێنان»ە ئێواری گەیشتینە ئەوێ کانیەکانمان

بەش کرد کەبوسبەینێ زوو بچینە سەری لە شوێنێ جیگامان

داخست شوێنێ دانیشتنەکەمان پووشایی زور بویەکی لەهاووریکان (أ)

شخارتەیەکی‌نا بە پووشەکەوەنا کەشوێنەکەمان پاک بێتەوە .

ئەوەندەی یەک‌و دوو بژمێری هەموو لایەکمان بووبە ئاگر چونکە

لەوکاتەدا «با»ی ئەهات هەر ئەوەندەمان پێ کرا فیشەکو تفەنگ

زوو دەرکەین وە وولاخەکان بکەینەوە ، سەرینی پەررمانهێنابوو

هەندێکی سووتا پەرەکانی ئەچوو بەئاسمانا ئیتر بەوجۆرە بە شپرزەیی بەو شەوە بێ ووچان رووە و قەرەداغ هاتینەوە .

لەپاشا هەر ئەو روژە من و عەلی ئاگا بەعاجزی هاتینەوە بو: سلیمانی .

وەبیستمان ئەو شاخەی کوشك هەتا دووسێ روژ ئاگرەکەی نەکوژاوەتەوە دانیشتووەکانیان چوو بوون کوژاندبوویانەوە وە زانیبوویان کەئەم راوچیانە ئاگریان بەرداوەتەوە چونکە شوێن لەوەڕی مالاتیان بوو. زیندەوەرو بالدارە کێویەکان رزگار بون لەدەست ئەمراوچییانە . خوزگە کەس ڕاوی نە کردایەوە ئەم پەلەورە بێزمانانە نەکوژرانایە .

# سەیرانی پیرەمەگرون

لە ١٠ی تەموزی ٩٤٦ کومەلێ لە برادەران وەکو مامۆستا «ئیبراهیم أحمد» خاوەنی روژنامەی «خەبات» وەخوالێ خوشبوو «بێکەسی» شاعیر وە مجید سعید وە فؤاد رشید وەعزیز صالح وە صالح سعید وەچەند کەسێکی تر چووین بو: هەوارگە هاوینەی ناوبراو ئیتر چی پێویست بوو لەکەل و پەل و خواردن لەگەل خومانا برد بوومان روژێك محمد صالح دیلانی خومان کەلەگەلمانا بوو (اللەوەیسی) ئەووت شعرەکان کە ئەیووت بەگورانی یەکەوە هی: بویژ «مەولەوی» بوو کاری کرد بووە سەر هەستی (بێکەس) ئەگریا وە فرمێسکی دا ئەهێلا لەگەل ئەوەیشا جوێنی ئەدا بە

# دیمەنی پیرەمەگرون ساڵی ١٩٣٨



ریزی پێشەوە : بێکەس ، رفیق حلمي ، محمود ، شێخ محمد زهدی ریزی دواوە :
رؤف حاجي امین ، نوسەر ، مصطفی مەولود ، کریم سعید . لەدواوە رەشول

(مەولەوی) لای ئەو جوێنانە «ئافەرین» بوو ئێمەیش هەندێ جار دڵگیر ئەبووین وەهەندێ جار ش بێکەنینمان ئەهات بە خوا لێ خۆش بووە . هەشت روژ لەوێ مانەوە . بە ئاهەنگ و بەزم رامان ئەبوارد ئەمە نمونەی ئەو شعرانەی ( مەولەوی ) یە کە ( بێکەس )ی هێنایە گریان : کاری کردبوە سەرگیانی .

دیدەو دەماغ و گوێ و گەردن هەر چوار

هەر یەك بە جورێ بو تو : بوون زامار

دیدە بو : دیدار خورشید وارە کەت

دەماغ بو : بونی عەنبەر بارەکەت

گوێ بو : بیستنی رازی پەسەندت

گەردن بو : حەلقەی زولفی کەمەندت

* * * * * * *

# جووت قوتابخانە

ساڵی ١٩٥٣ قوتابخانەکەمان لەگەڵ ( غازی ) کەئیستە پیرمەگرونی پێ ئەڵێن بووبەجووت قوتابخانە لە ١ـ ١٠ـ ٩٥٤ قوتابخانەی ئێمە کەمەڵکەندی بوو جیابووەوە چونکە بنا تازەکەی گەررەکی گاوران زۆرلەقوتابیەکانمان لە غازی مانەوە ، هەرچی پەرا گەندە وەدواکەوتوی قوتابخانەکان هە بوو لەقوتابیان ناردیانن بوئێمە ئەوساڵە زور ماندو بوم ، وەتوشی گەلێ گیرو گرفت بووم .

# ناردنم بوقوتابخانەی «غازي»

به ( معاونی ) رابەر

لە ١٥-٩-٩٥٤ کرام بەمعاونی بەڕێوەبەری قوتابخانەی ناوبراو بەڵام لەبەرئەوەی بەڕێوەبەرەکەی لەقوتابخانەی پیشەسازی ئیشی ئەکرد من ئەوساڵە قوتابخانەکەم برد بەڕێوە هەتا، لە ١-١٠-٩٥٦ بەڕێوەبەریکیان بوناردم .

## گوررانم بوبەریوەبەری قوتابخانەی سیوسینان

لە ٦-١١-٩٥٦ لەسەرفەرمانی متصرف «عمرعلی» منیان نارد بوقوتابخانەی ناوبراو، ئەم گۆڕانەم بەپێچەوانەی نوسراو وەبڕیاري وەزارەتی زانیاری بوو. چونکە پاش ئەوەی نزیکي (٣٠) ساڵ لەوکاتەدا خزمەتم هەبوو «٣» منداڵیشم لەقوتابخانەی ناوەند بوو، بێجگە لەوە چوارکچیشم لەقوتابخانەی سەرەتای کچان بوو کەلەوشوێنەي منیان ناردبوو لەوێ نەبو، ئیتر دەوری کۆنوابو هەرچي کاری چەوت ونارەوابوو بەرامبەر ئەم وئەو ئەیان کرد. بێ ئەوەی سووچ ومیا خراپەیەکي لێ ببینن دڵیان نەئەسووتا بەم جورە کردەوانە کەئەیان کرد .

پاش نووسین وشکاتیکي زور روژی ٢٤-٦-٩٥٧ ناردمیانەوە بۆقوتابخانەي ناوبراو « پیرەمەگرون » ی ئێستە

ئەمڕۆ بەهوی ئازادی وولاتەکەمانەوە وەکو جاران نیە ماموستاکان هەمو جورە مافیکیان هەیە نەقابەیان بودانراوە لەسە

چەی ئەم کومارە خوشەویستەمانا بوپێشکەوتن وەژینیان وبەرزی یان گەلێ شتیان بو کردون وئەکرێ . وەهەروا گوزینیان لەسەر ریگایەکی جوان لیژنەیەك ئەیکا .

*** *** ***


# گەشتی بو ئیران

هەروەکوو لەمەوبەر باسم کرد لەکانی ماموستایەتیما توشی گەلێ سزاو ناخوشی ابووم ، بێجگە لەوە لەشم وە دەمارەکانم تووشی بێهێزی وەنەخوشی بوو لەسەر ئاموژگاری (پزیشك) چێی ووتم : بگەرێ لەشت بابحەوێتەوە لەشوێنی بێدەنگا هەتا چاك بی وەماندویەتیت دەرچێ لەسەر ئەمە لەووچانی قوتابخانە-کاندا چووم بو دەرەوەی عراق .

لەسەرەتای مانگی تەموزی ٩٥٥ چووم بو ئێران نزیکی «٣٠» روژێك مامەوە تیایا ، زوري لەتاران دا رام بوارد ، وە چووم بو « رامسەر » کەلە کەناري دەریای « خەزەر » ە

## رامسەر

بەئوتوموبیل لەگەل هاوریم سید رؤفی سید نوری چوین بوشوێنی ناویراو بەزنجیرە شاخی دەماوەندا رویشتین کە مازندە رانە دیمەنی شاخ وریگاکاني زورجوان بوو ، دارەکانی بەزوری سەروو بوون بەچەند « تونیل » یکدا تێ پەرین هەتا گەیشتینە رامسەر کەلەسەر دەریای « خەزەر » ە لەوێ چوینە مالێك چونکە



وێنەی ئوتێلێکی گەورەی خۆش لە (رامسەری) ئێران

بەهۆی مامۆستا غفور مەلاعەلی یـەوە ئەم وێنەیەم دەست کەوتوە

لەئوتیلەکان جێ نەبوو . ئەم شوێنە بەباخ و دارستان و کشتوکاڵ دەورە دراوە ، دارەکانی بەزۆری لیمو بون ، هەروا چاو برنجی سەدری زور لەکەناری دەریای ناوبراو کرابوو . بەئوتوموابیل چوینە سەر دەریاکە کەلەرامسەرەوە ١٥ دەقیقە دوربو ئوتیلیکی زور گەورەو جوانی لێ بوو ، هەمو دەوری باخ و گوڵی رەنگاو رەنگ بو ، دەریاکە زور شەپۆلی هەبوو هەندێ کەس ئەچونە ناوی بومەلەکردن ، ئەم شوێنە زۆر گەرم بوو شەوێك ماینەوە. لەپاشا گەراینەوە بوتاران .

زور ئارەزووم ئەکرد کەکوردستانی ئێران ببینم بەڵام لەبەر بێهاورێتی نەم توانی . لەدوایی دا لەگەڕانی دووەما توانیم بچم .

# گەشـــتي دووەم بـو ئـيران

لە ٢٩—٦—٩٥٦ لەگەڵ ماموستا (غفوری ملاعلی) رویشتین بو بەغدا لەوێ لەپاش تەواوکردنی (پاسپورت)ـ (گوزەرنامە) چووین بو: «خانەقین» شەوێك لەوێ ماینەوە ، دوای ئەوە چووین بو : (قەسری شیرین) .

# قـەسري شيرين

دانیشتووەکانی ئەم شوێنە هەموو کوردن وە نفوسی نزیکەی ٦ـ٧ هەزار کـەسێك ئەبـێ . شەوێك لێرە ماینەو، لەپاشـــا رویشتین بو (کرند) .

کرند :ــ شوێنێکی خوشه باخی زوري تیدایه خانووه کانی به گردەوەن . نزیکی سەعاتێك لەوێ لاماندا هەتا گەیشتینه کرماشان .

کرماشان : شارێکی گەورەیە نفوسي نزیکي (۹۰) هەزار کەس ئەبێ بەزوری هەموو کورد زمانن خانووەکاني هەموو لەسەر گردن شوێن وەجێگای خوشی تێدایە، لە ﴿ئوتیل بێستوون﴾ بووین لەوێوە بەئوتوموبیل چووین بو: شوێنێکي مێژوویی کە پێی ئەڵێن :ــ شوێنی ﴿داریو یەکەم﴾ ئەم جێگەیە پاڵی داوە بە ﴿شاخی بێستون﴾ەوە ، دیوارەکاني گەلێ نیگاري گەورەی پێوە بوو کەلەبەرد هەڵکەندراوە، هەروا گەلی نووسراوی بزماریمان دي لەسەر دیوارەکەی لەگەڵ نووسراوي عەرەبی .

ئاوی ساردی زور بەبەردەمیا ئەڕوات لەوێدا گەلی ئینجانەی گوڵی جوانمان دي لە شوێنێکی تایەبەتی دانرابوو. لەپشتی ئەم بنایە شاخ بوو کرابوو بە پێی پلەکە بوسەر سەرکەوتنی شاخي ناوبراو، کشتووکاڵی ئەم شوێنە بەزوری گەنم بوو ، پاش ئەوەي ۳ سێ روژ لەوێ ماینەوە رویشتین بو هەمەدان .

# هەمەدان

لەم شارەدا چوار روژ ماینەوە ، شارێکي خوش و باخێکی زوری تێدایە کەهەمووی مێوەدارە شاخێکی زور بەرز لەنزیك یەتي ، کە پێی ئەڵێن .ـ ئەلوەند ـ هاوینان هەموو وەختی بەفری

بەسەرەوەیە . گۆرری «علی ابن سینا» لەم شارەدایە وە چووینە سەری لەبەر دەمی دووپایەی زور کراوە بە چیمەنتو وە بەردی مەڕمەڕ ، وەلەوێ کتێبخانەیەکی رێکو پێکی تیابوو بوخویندنەوە ، کومەڵی کورسی‌ماندی کەهاتوچوکەران لەسەری دائەنیشتن زوّر جوان دروست کرابوو ، ئوتێلێکی زور خوشی تیایە پێی ئەڵێن ئوتێلی ابن‌سینا لە گەرمای هاوین‌دا شەو ئەوەندە فێنکە کە تیا دائەنیشی هەستی سەرمائەکەی .

نفوسی ئەم شارە نزیکی «٦٠» هەزار کەسێك ئەبێ بو ێژی بەناوبانگی کورد «باباطاهر» لەم شارەدا بووە ، وەتیا نێژراوە کە هەموو دانیشتووەکانی شانازی پێوە ئەکەن وا چەند شعرێکی بو خوێندەوارانی بەرێز ئەنوسم :—

ئەگەر دەستم رەسەد بەرچەرخی گەردوون «١»
ئەزئان پورسەم کەئین چونە ستوئان چوون «٢»
یەکێرا دادەیی «٣» سەد نازو نیعمەت
یەکێرا قورسی جو ئالودە ، دەرخوون «٤»

** * * *

عەزیزان موسمي جوّشی بەهارە
چەمەن پرر سەوزە سەحرا لالە زارە

---

١ ئەگەر دەستم بگاتە چەرخی ئاسمان
٢ لێی بپرسم ئەم چونەو ئەوە چۆنە
٣ دادەيي — داوتە
٤ بە یەکێکت داوە کولێرەی جوّتیکەڵی خوێن .

دەرین موسم دەمی فرسەت غەنیمەت
کە دنیایی دەنی بی ئی عتیبارە

* * *

هەر وا شوێنی کون و مێژوویی «گۆڕی ئێستەر» و مۆزەخانە کەوتوتە ناوەڕاستی ئەم شارەوە ، وە دیسان لە کەناری شارەکە بەردێك کەلەوێنەی شێردا دروست کراوە ئەویش ماندی لەپاشا لەهەمەدانەوە ڕۆیشتین بو تاران. لەرێگاشەو بۆو تووشی شاری قەزوین بووین بەیانی گەیشتینە تاران .

# تاران

تاران پایتەختی ئێرانە شارێکی گەورەو بلاوە نزیکی ملیونێك ئەبێ شەقامی زور گەورەو پانی تێدایە ، ئەم بەرەوبەری داری سوورە چناری چڕی لێ ڕوواوە ، جادەکانی یەکجار زورە لە زور شوێن هەیکەلی بوێژو ناودارەکانی تیایە، تاران لەهاوینا گەرمە بەلام هاوینە هەواری خۆش لەنزیکیەوە هەیە وەکو: «شەمیران» وە دەربەند. بە روژ لەم شوێنانە رامان ئەبوارد ، ئێوارانی ئەهاتینەوە تاران کەنزیکی نیو سەعات ئەبوو بەئوتوموبیل .
خواردنیان وەکوولای خومان باش و ڕێك و پێك نیە بە تایبەتی چێشتیان ، بەلام میوەو کەزەو پەنیرو هەنگوینیان زورە ، گەلێ لە ئوتێلەکان و شوێنەکانیان ئاوی بۆریەی پاکی تێدا نی یە، لەوێ بووین خەریك بوون کە بۆریەی ئاو بو هەموولایەکی ئەم شارە ڕاکێشن . لەژووروی ڕۆژهەلاتیەوە شاخی - دەماوەند - هەیە

کەڕێی مازندەرانە . تاران دانشگایەکي گەورەی تێدایە بێجگە لەوە چەند قوتابخانەیەکي ﴿ثانوي﴾ وە ناوەندی تیایە هەروا بەو پێیە قوتابخانەی سەرەتایی هەیە بێجگە لەساوایان .

مۆزەخانەیەکي (١) جوانمان دی زور لەو شتانە بەموم کرابوو وەکوو: هەیکەلي (شاه) سەربازو بوێژو وە گەلێ جۆرە میوەي تیا بوو وەکوو : تری ، هەنار ، سێو ، هەروا شوێني پاشماوەی کوني چووین وەتیا گەڕاین . لەبەردەمی دەرگای هەموو قوتابخانەیەکدا ئەمە نووسراوە :- توانا بود هرکه دانا بود - لەم شارەدا گەلێ باخي گەورەمان تیادی . گەلي روژنامەو گوڤاری بەفارسي تیا دەرئەچێ .

ئاب علي:— بەئوتوموبیل چووین بوئەم هاوینە هەوارە خوشە کە سەعاتێك زیاتر دووربوو لە رێگە بارانێکی زوری لێ داکردین کە گەیشتینە ئەوێ لافاو هەڵسابوو ئوتێلێکی زور گەورەو جوانی تیابوو کەچوار دەوری باخو گوڵزاربوو ، دانیشتووانی تاران دێن بوو ئەم شوێنە خوش و فێنکە بەتایەبەتي روژی هەیني ئەو روژە لەوێ نانی نیوەڕرومان خوارد پاش نیوەڕو گەڕاینەوە تاران .

پاش چەند روژی مامۆستا (غفور) لەگەڵ حەمە رەشید فەتاح وە چەند هاوڕێیەکمانا چوون بو: کەناری (دەریای خەزەر) بەڵام من لەگەڵیانا نەچووم چونکە لەوەپێش چوو بووم .

---

١ مۆزەخانە ـــ ئەنتیکەخانە ، متحف

# رویشتنمان بو (تەوریز)

## وە شارەکانی کوردستانی ئێران

روژی ٦-٨-٩٥٨ لەگەڵ شوکت دانساز وە ماموستا عثمان سعید وە کریم ئاغای بەرگدرو بەیانی سعات ٦ بەئوتوموبێلیکی گەورەو خیرا ریکەوتین شەو سەعات ٥ ١٠ گەیشتینە تەوریز لەئوتێلیکی خوش لامان دا، بوسبەینێ چوینە «گولی شاه» لە ناوەراستی ئەم گوڵەدا بینایەکی خوشوجوان کراوە، وەریگەی بوکراوە کەپیا ئەروی بوی، بێجگە لەوە ئەمشوێنە داری گەورە وباخی زوری تیابو خانوەکە کراوە بە گازینو وەشوێنی خواردن وخواردنەوەیە. زور فێنکە نزیکی ئێوارێ نەمان توانی لەکەناری ئاوەکە دانیشین لەبەرساردی چوینە ناوژوری گازینوکە.

هاوتوچوکەران وەدانیشتوانی شاری تەوریز بەروژ یەن بو ئەم هەوارە هاوینە خوشە، ئەم شارە نزیکی ٨٠ هەزار کەس ئەبێ کارخانەی قاڵی وەقوماشی زوری تیایە، وەئێزگەی رادیوی تیایە وەدانیشتوەکانی هەمو تورکن وەزور کوردیشمان تیا ئەبینی کە بەزوری لەدەرەوە ئەهاتن بوکرین وفروشتن. کوشك وخانوی گەورەو ریکوپیکمان تیا نەدی وەکو «تاران» روژنامەوگوڤار مان تیا دی زوریان لەتارانەوە ئەهات بوکتێبخانەکان.

# رضائیە ((ورمـــی))

روژی ٨-٨-٩٥٦ لە تەوریزەوە بەئوتوموبیل روێشتین بو:

«رضائیه» لەڕێ تووشــی گەلێ شوێنی خوش وەباخ و ڕەز هاتین . وەهەروا بە«مەراغا»دا تێپەڕریـــن هەتا گەیشـــتینە «ورمێ» . شارێکی خوش و جوان وە پڕ دارســتان و باخ بوو نزیکی (٣٥) هەزار کەس ئەبوو بەزوری دانیشتووەکانی تورکن وە هەروا کوردیشي تیابوو . بەرێکەوت چووینە کەبابخانەیـــەك خاوەنەکەی کوردی «مهاباد-سابلاخ» بوو ، چووینە سەر «گوڵی-ورمێ» ئاوەکەی زور سوێر بوو کەدەستمان ئەخستە نـاوی پاش تۆزێ سپی ئەبوو چونکە خـــوێ یاوی بوو ، ئەو روژە هەندێ کەسمان دی کە ئەچوونە ناو ئاوەکەوە لمیان لەلەشیان هەڵ ئەسوو چونکە بو نەخوشی پێست باشە کە ئەهاتنە دەرەوە بەئاوی شیرین خویان ئەشت هەتا خوێیەکە لەلەشیان بچێتەوە .

# لەکوماري کوردستانی ئیران

## مهاباد

روژی ١٠-٨-٩٥٦ چووینە شاری ناوبراوکە (سابلاخ) یان پێ ئەووت وەختي خوی جێی پێشەوا «قازی محمد»ی خەباتکەر وە (مصطفی بارزانی)بوو لە ئوتێلی (گەیلان)دابەزین ئـەم شارە هەموو کوردن شەرواڵ و مرادخانی لەبەرئەکەن وەمشکی ئەبەستن شەقامێکمان تیادی وەکو زانیمان دووقوتابخانەی کـچ و کوری سەرەتایی تێدا بوو بێجگە لەقوتابخانەیەکي ناوەند ، بـەزوری خانووەکانیان خراپ بوون وەلەنزیکیەوە شاخ و گرد هەبوو بـەڵام



وێنەی مصطفی بەرزانی



Scanned by CamScanner

بـێدار بوو لەهاوینا لەسلیمانی فێنکترە ،
نزیکی (٨) هەزار کەس ئەبێ، دەرامەتیان کەم بوو .

## میـــــان دواو

ڕۆژی ١١—٨—٩٥٦ لە مهابادەوە گەیشتینە شوێـنی ناوبراو دوو سەعاتێك تیا ماینەوە ، دانیشتووەکانی بەزوری تورکن وە کوردیشی تیابوو، کارخانەیەکی شەکری لێبوو، باخ ودرەختێکی زوری تیابوو ، هەندێ خانووی تازەمان تیادی لەوێوە رووەو (سەقز) رویشتین وە لەبۆکان لامان‌دا . بوکان :ـ دانیشتووەکانی هەموو کوردن جلوبەرگیان وەکوو مهاباد وایە خانووەکانیان هەموو بەشاخێکەوەبوو ، وەلە دامێنی ئەم شاخە حەوزیکی زور گەورەی لێ بوو ئاویکی ڕوونی ســاردی لێ‌هەڵ ئەقولا ، نزیکی سەعاتێك ماینەوە پاش‌نان خواردن ڕووەو سەقز هاتین .

## سەقز

سەعات چواری پاش نیوەڕرۆ گەیشتینە سەقز ئوتێلێکی ناخۆشی لی بوو کەنزیك گەراجێك بوو . ماڵەکانی ئـەم شارە هەمووي بەشاخەوەبوو ، لەخواری‌یەوە چەمێك هەبوو کەنارەکەی کشتوو کاڵ بوو، خانوێـکي گـەورە وە یاکوشکیکمان تیانەدی وەهەروا بێ ئەلەکتریك بوو ، شەقامێـکي وامان نەدی لە شارەکەدا وەکو تێ گەیشتین یەك قوتابخانەي سەرەتایی تیابوو بۆ کـورد وەیەکێـکیش بۆ : کچان وەبە نفوس بەقەد ( مهاباد ) ئەبۆو ،

بەگوورتی زۆر دوا کەوتوومان دین لە هەمەدان وە رووبەکەوە ، بازاڕو خانێکی گەورەی لێ بوو ، کڕدین و فرۆشتن یان کەم بوو ، بۆ : سبەینێ بە ئوتوموبیل ڕۆیشتین بۆ سنە .

## سنە

بەیانی بە ئوتوموبیلێکی شڕڕی کۆنی ( پیکاب ) ڕۆیشتین بۆ سنە پاش دوو سەعات لە دێیەك کە گومرکی تیابوو ئوتوموبیلەکە پەکی کەوت چەند سەعاتێ لەوێ ماینەوە پاش ساز کردنی ڕۆیشتین سەعات (٥ـ١٠) ی شەو گەیشتینە ( سنە ) چووینە ئوتێلێکی خۆش و خاوێن بەیانی درەنگ لە خەو هەستاین بەرچایی مان خواردوو چووینە دەرەوە ، لەوناوەدا دووکانی بۆیەچی یەکی قۆندەرە هەبوو لامان دا پێلاوەکانمان بۆیە کرد کابرای خاوەن دووکان سلاوو بە خێرهاتنێکی بە گەرمی کردین وەچای بۆ کڕین دەستی کرد بەدواندنێکی خۆش و شیرین لە گەلمانا گەلێ دڵ خۆش بوو بەدانیشتن مان لەوکاتەدا پیاوێکی شەبقە بە سەر هات کابرای بۆیەچی ئێمەی پێشکەش کرد دیسان ئەویش ناردی کومەلی چای تریان بۆهێنااین بەزۆر ، لەوکاتەدا پێمان ووت : ئێمە تازە هاتووینە شارە خۆشەویستەکەتان ئەمانەوێ هەندێ شوێنی خۆش بگەڕێین ، لەبەرئەوەی نەشارەزاین یەکێ بیوایە لەگەلمانا بگەڕایە .

ئەویش ووتی : پاش نیوەڕۆ سەعات (٤) تەشریفتان بێتە ئێرە ئەتان بەم بۆ شوێن وجێگای خۆش لە کاتێ ناوبراو

هەمووومان چووینە دووکانی بۆیەچییەکە ، ئەوەندەی پێی ئەچوو
ئوتوموبیلیکی قەمەرەی هێنا ئێمەی سوار کرد وەبردینی بۆشوێنێك
بەشاخێکی زور بەرزەوەبوو پێیان ئەووت (سەلوەتاوا) لە گوێ کانی
یەکی سارد دۆشەکو فەرشی داخستبوو خواردن و خواردنەوەو
میوە یەکی زوری بۆدانابن لەوێ دانیشتین هەتا سەعات بوو بە
(٩)ی شەو لە کاتی دانیشتنمانا سەیرمان ئەکرد لە تەوقە سەری
شاخەکەوە ئوتوموبیل ئەهاتە خوارەوە کە لە (هەمەدان)ەوە ئەهاتن
دیمەنیکی زورجوانی هەبوو .

لەسەر بڕیاری هەموومان یەکی لەهاوڕێکانم بەکابرای وت:
ئێمە خۆمان بەبێگانە نابینین وەبەشوێنی خومانی ئەزانین
وامان پێ خوشە کە پارەی ئەم گەڕان و سەیرانە بدەین ئەویش لە
وەراما ووتی: برا ئەگەر لای ئێوە عادەت واسە میوان پارەبدابە
خاوەن مال ئەوە دروستە وەهەندێ قسەی تری وای کرد هەموو
مانی شەرمەزار کرد . ئیتر هاتینەوە گەیشتینە نزیکی ئوتێلەکە
مان داوامان لێ کرد کەبڕۆینەوە بو نووستن ووتی : نایەلم بڕۆن
ئەتان بەم بوما لی خومان وەئێمەی بەزور برد لەژوریکی پڕفەرش
و موبیلە دانیشتین دووبارە خواردن و خواردنەوەیەکی زوری دانابوو
کەنەمان ئەتوانی بخوین هەتا نزیکی سەعات (١٢)ی شەومایەنەوە
ئەوسا بەتەکا رویشتین بوشوێنەکەمان وە ئەویشمان لەگەلا هات کە
ئێمە نووستین ئەوسا گەڕایەوە . بوسبەینی سـەعات «٥» ی
ئێواری ئێمەی برد بۆجێگایەك کە پێیان ئەووت « عباس ئاباد »
ئەو شوێنە حەوزێکی زور گەورەو گوشکێکی لێ بوو



Scanned by CamScanner

بەڵام لەبەر کۆنی بەرد پووت بوو بوو، وە هەروا دارستانی گەورەی لێ بوو لەوێوە بردینی بۆ سەر ڕەزتری کشمیشێکی زۆریان بۆ دانایین وە خواردمان ئەو ڕۆژەی کە ویستمان بڕۆین پێش ڕۆیشتنمان هات بۆ: لامان بێ ئەوەی پێمان بڵێ قوتوویەکی پڕ ئیشی هەویر وەشیرینی لەسەر مێزی ژوورەکەمان دانابوو کە لەڕێ بی‌خۆین ئیتر ئەم پیاوە گیانی نیشتمان پەروەریەتی وای لێ کردبوو هیچ شتێ نرخی نەبێ بۆ ئەوەی ئێمە ڕابوێرین.

بەراستی سنە شاری سلیمانی دووەمە بگرە زیاتریش دانیشتووەکانی زۆر کردەوە جوان وەزمان شیرینن، وەمیوان پەرستن، کەناری شارەکە بەزوری ڕەزو سەوزایی بوو، خانووەکانیان لەسەر گردووشاخ بوو، لە هاوینا لەسلیمانی فێنك ترە: شاخەکانی نزیك بوو لەسنەوە بەڵام ڕووت بوو.

تەلەفونمان کرد کەبۆ دیدەنی «آیة الله شێخ محمد مەردوخی - کوردستانی» بچین کە لەدێیەکی خۆی «نەوەرە» نزیکی سنە دائەنیشت وەرامیان داینەوە کەلە ماڵ نیە ئێمەیش نەماینەوە تا جارێکی تر بچین بۆ دیدەنی بکەین «آیةالله»ی ناوبراو زانایەکی تێگەیشتووی بەناوبانگە لەسنەدا وەبگرە لەبەشی کوردستانیا خاوەنی «مێژووی کوردو کوردستان»ە کە بەفارسی دای ناوە، وە هەروا فەرهەنگێکی بەسێ زمان داناوە کوردی و فارسی و عەرەبی، لەشاری سنەدا تووشی خواردنی ڕێك و پێك و خاوێن بووین وەکوو لای خۆمان وابوو. ئەو ڕۆژانەی کەلە شارەکانی ئێرانا بووین چێشتی بامێمان نەخواردبوو چونکە ئەوان نایخۆن

بەڵام لەوێ خواردمان بەڕاستي زۆر دڵ خۆش بووین لەم شـارە
خوشەمانا ، نەمان توانی لەوە زیاتر بمێنینەوە بەجورێـکي وا
خزمەتیان ئەکردین شەرم گرتبووینی .

شاري سنە نفوسی نزیکی «٥٠،٠٠٠» کەس ئەبێ هەموو بەزمانی
کوردي سورانی قسە ئەکەن وەئێسگەی تێدایە کە بە کوردی
هەواڵ بڵاو ئەکاتەوە ، وە ٦—٧ قوتابخانەي سەرەتایی کورانی
تێدایە هەروا قوتابخانەی ناوەندوە—ثانوي— شی تێدا یە ، وە
هەروا چەند کتێبخانەیەکی تێدایە کە نووسراوو روژنامـەی تیا
ئەفروشرێ بەزوری فارسین لە تارانەوە بویان دێ . لە ناوخویانا
شتێـکی وا دەرناچی کە شایانی باس کردن بێ .

روژی ١٤—٨—٩٥٦ بەیاني سـەعات «٤» لەسنەوە رووەو
کرماشان هاتین گەلێ دێهاتي خوش و باخاتمان ئەدي لەشوێنێکی
خوش لامان دا چایمان خواردەوە لەپاشا روێشتین سەعات «١٠»
گەیشتینەوە کرماشان لەوێ نەماینەوە یەکسەر بوعێراق هاتـین
لە «قەسری شیرین» هەندێ وەستاین بو پیشاندانی (پاسپورت)ە
کەمان دوای ئەوە رویشتین رووەو (منذریە) گومرکي عێراق ،
لەوێ ئوتوموبیلمان گرت بو: سلیماني شەو محمدامین دەربەند
خەقەرەیی گـلی داینەوە میوانداریيەکي باشی کردین ، بەیانی
سەعات «٤» رووەو سلیمانی هاتینەوە .

* * *

# گەشتی بۆ تورکیاو ئەستەمول

لە بەغدا پاش جێ بەجێ کردن «پاسپورت» بەشەمەندەفەری «توروس» رۆیشتم بۆ ئەستەمووڵ ڕێکەوتی ٢١_٦_٩٥٨ لە ڕێگا تووشی ئەم شارانە بووم وپیا رۆیشتم نصیبین، حلب، اطنە اسکیشهر، انقرە، ازمیت، لەبەرئەوەی لەم شوێنانەدا نەمامەوە باسیان ناکەم بەڵام لەرێگا بەزنجیرەی شاخی تۆرۆسدا ئەرۆیشتم گەلی دیمەنی جوان جوانم ئەبینی بەتایبەتی سەرشاخ وە دامێنەکەی وەهەروا گەلێ دێهاتی ڕێکو پێك وجوانم ئەبینی لەهەر دێیەکدا مزگەوتێ کەمنارەیەکی تیا کرابوو، وەکو پرسیم وتیان گەیاندم لەودێیانەی کەلەرێی شەمەندەفەر وە یا ئۆتۆمبیلەوە دوورن وەکو ئەمانە نین بەلکو دواکەوتون.

لە ٢٤_٨_٩٥٨ گەیشتمە ئەستەموڵ چومە ئوتێلی (مسرت) کەلە «سرکەچی» بوو لەبەرئەوەی هاورێی عراقی تیا نەبو پاش دوو ڕوژ چومە «پانسیۆن» یك، نزیکی فلکەی جمهوری کە(تەقسیم) یان پێئەووت لەگەرەکی بکت اوغلی ژوریکم گرت مانگی بە «٢٠٠» لیرەی تورك کە ٥_٥ دینارونیوی عراق ئەکات.


دانیشتوەکانی ئەم ناوە رووم، چەرکەس، وەئەرمەنین. پاش ١٢ ڕوژ خزمیکی ژنەکەم زانی بوی هاتوم منیان دوزیەوە وەبە زور شتومەکەکانیان هەڵگرت بردیان بوماڵی خویان کەلە(پندکە) بەشی ئاسیا بوو لەپانسیۆنەکەمانەوە ٢٠ کیلو مەترە ئەبوو. یەکەم جار بە تەکسی ئەچوینە سەر دەریای بوسفور لەوێوە بەپاپور



Scanned by CamScanner

ئەپەڕینەوە بوبەشی ئاسیا « حیدرپاشا » لەوێوە بـەشەمەندەفەر
چوین بوشوێنی ناوبراو ، لەوی هەفتەی دوو روژ ئەمامەوە ئەوی
تری ئەچوومە پانسیونەکەی خوم چونکە لەوناوە دا هـاوڕری
عراقیەکان وەگەلێ ناسیاوی کوردی لێبوو . ئەستەمول شاریکي
زور گەورە وبلاوە نفوسي نزیکەی ملیون ونیـویك ئەبی ئەو
بەشەی کەوتوتە هەرێمی ئاسیا پێی ئەڵین « اسکدار » ئەوەی
کەوتوتە ئەوروپاوە ( غەلەطە ) بەکەناری دەریای بوسفوردا ئەم
بەرو ئەوبەر درێژ بوتەوە . خانوەکانی لەسەرشاخ و گردن . هەواي
زور فێنکە ، ئێواران کەلە گازینوکانی کەناری دەریا کەدائەنیشتین
سەرمامان ئەبوو ، جیگای زور کوێستان وخوشي تیایە ونزیـکە
( برصە ) « بیوك اطه ) هەزوەکو ئەمانە لەهەمو لایـەکەوە دێن
بوئەم شوێنانە بەلکو لەئەوروپاشەوە چونکە دیمەنی شـاخ و
ئاوو باخەکانی زور دلـگیرو جوانە .

( دولمە باغچەسی ) : چومە ئەم شوێنە مێـژویی یە گەلێ
ژوری گەورەو سالونی تیابوو ، لەوسالونانە یەکیکیان ٣٦ پێ
بەوزبوو سەرەکەی گـومەزي بو کولەکەکانی بەزێر رووکەش
وەهەروا بنمیچەکانی بەنەخش ونیگاری جوان کیشرا بوو ئەم
شوێنە لەکاتی سلطان عبدالمجید وەسلطان عبدالعـزیزی خەلیفەی
عثمانیدا دروست کراوە بە ١٤ سال تەواوبوە چونکە شوێنە-
کەی دەریابوە پرر کراوەتەوە وەبە ١٢ دەر گادا ئەرویت ئەوسا
ئەگەیتە ژووري ژنان . ئەم دەرگایانەش بەئەمری سلطان کراوە
تەوەوداخراوە ، شوێنی گەرماوی هەبوو ، وەکوئیستە بەبوری ئاوی بو



وینەی [ دوڵمە باخچەسی ] لە ئەستەمول



Scanned by CamScanner

ڕاکیشرابوو ، وەحەوزە پچوکەکانی هەموی بەردی مەڕمەڕ بوو
ئاوێزەیەکی گەورە لەبن میچی ساڵونەکەدا هەڵواسرابوو ٣ تەن
قورس بو ٦٠٠ هەتا ٧٠٠ مۆمی تیا دا گیرساوە ئەم ساڵونانە بە
هەزاران کەسی تیا دانیشتوە وجێی تیـا بوتەوە بەتایبەتی لە
ڕوژی جەژنانا کەبو پیروزبایی سلطان لەوێدا کوبونەتەوە ، وەهەر
وەها لەبەردەمی ئەم کوشکە گەورەیەدا شوێـنی مەلە لەدەریاکە
جیا کراوەتەوە کە کچان وژنانی ناوکوشکەکە مەلەیان تیا کردوە .
لەژورو ساڵونەکاندا فەرش داخرابو کەهی ئەووەختە بوە بێجگە
لەوە گەلێ نیگاری دەستکرد هی جەنگ وە دیمەنی تر بەدیوارە
کاندا هەڵواسرابوو کەلەئەوروپاوە بەدیاری بویان هاتبو وەهەروا
گەلێ ئینجانەی گەورەی نەخش کراوی جوان لەگەڵ مێـزو
کورسی نایابمان تیادی . بەڵێ وەختی خوی سلطانەکان وپاشاکان
هەرخەریکی ڕابواردنی خویان بون زوری گەلەکەیان بـە
نەخوێندەواری وهەژاری وکەساسی ماونەتەوە . بەملیونەها کریکار
وجوتیارو سەرباز لەژێر باری ئێشا چەوساونەتەوە وەعەرەقی شینو
موریان دەرداوە بوئەوەی ئەوان چەندسەعاتێك وەیا چەندروژێ
بەخوشی وکامەرانی ڕابوێرن .

(مقدم) یکی بەغدایی لەگەڵ ژنومناڵەکانیا ئەوانیش لەگەڵ
منابون بەکوشکەکەدا ئەگەڕاین سەری سوڕ ئەما لەوشتـانەی
کەتیا ئەدی . کابرایەکی ڕەهبەری تورك کەهەربەتایبەتی لەگەڵ
ئەوکەسانەدا ئەگەڕێ کەدێن بوئەم شوێنە باسی ئەوشتـانەی
بوئەکردین وە پیا ئەگەڕاین منیش وەرم ئەگێڕا بەعەرەبی بوئەو

هاووڕێ عراقیانەم .

چونکە ژورێك کە ( کمال اتا تورك ) ی تیا مردوە ، نوێن و قەرەوێلەو سەعاتی سەرمێزەکەی تیابو ، ئێستە سەرەکي دەوڵەتەکان وە پیاوە گەورەکان کەدێن بو تورکیا لەمشوێنەدا دایان ئەنێن .

مزگەوتی سلطان احمد : ئەویش لەشوێنە گرنگەکانە ، چەند منارەیەکي تیایە هەندیکیان بەزێڕ روو کەش کراوە ، شوێنی نوێژ کردنەکەی بەهەزاران کەس ئەگرێ . هەندێ لە سلطانەکان لەکاتی خویدا لەم مزگەوتەدا نوێژیان کردوە .

گوێل پارکی :— لەشوێنە خوشەکانی ئەستەموڵە . ئەتوانین پێی بڵێین شاری پاری زوٚر گەورەیە لەدامێني شاخ لەسەر کەناری دەریاکەیە ، گەلێ گازینوٚو سەندوچی تیایە ، بەردە—مەکەی بە ئەلەکتریك لە وێنەی گوڵدا بەگەورەیی دروست کراوە ، چەرخو فەلەکی زور بەرز لەگەڵ کورسي کورسي تێدایە ، وەهەروا شوێنی تایبەتي تیایە کەئوتوموبیلی پچووك بە ئەلەکتریکەکەیش ئەکات سواری ئەبن وەئەڕوا ، هەندێکیان لەیەك ئەدەن ، هەندێ جێگای تر ترخان کراوە بوٚ : تفەنگ هاویشتن وە نیشان شکاندن ، هەروا لەجێگایەکی تردا چەند ئاوێنەیەکي زور گەورە دانراوە هاتووچوٚکەران بەبەردەمیا ئەڕون بەچەند جورێ نیگاري خویانی تیا ئەبینن . یەکي ناشیرین ئەکا ئەویتر درێژ ، یان پچووك وەناشیرین وەیان زور گەورە ، بەچاو پێکەوتني ئەم ئاوێنانە ئینسان زور پێکەنین دای ئەگرێ .

بە هەزاران کەس لەژن و پیاوو منالٚ دێن بو سەیرانی ئەم جێگە خوشە فێنکە هەتا درەنگێ تیا ئەمێننەوە . وەرا ئەبو یرن . باخ و چیمەن و داری بەرزي تێدایە . بەیبەتی لە کەنـاری شەقامەکاندا ئەستەمووڵ : باخ و داری زور جوانی تێدایە ماڵەکانیان زور پاکەو زور بەتەنگ پاکوو خاوێنی یەوەن . لەپیسي و چەپەڵی خویان ئەپارێزن ، بەزوری دانیشـتووەکانیان خوێندەوان ، ئەو شوێنانەی کە ئەچووین نەخـوێندەوارمان تیا نەدی . هەروا روژنامەو گوڤاری زوری تیایە ، وەتیا دەرئەچـی وەگەلێ (کلیە)ی تێدایە ، ئەفسەر ـ بەحریە ـ دەریایي ، هەندەسە دارالمعلمین ، وەغەیری ئەمانە .

خواردنیان بەزوری میوە ، کەرە ، زەیتون ، پەنیر ، زەلاتە ، وە هەندێ خواردن ، لەوێ خواردن زوڕ گرانـە گەلێکیان ناتوانن بیکرن ، وەکوو : گوشـت ، مریشـلک ، برنج هەروا کیلویەك گوشت بە (٨) لیرەی تورکە ، کەئەکاتە (٥٥٠) فلسی خومان شەکر لەوێ بە «بەتاقە» دابەش ئەکرێ ، بەنزین و نەوت زور کەمە تەکسي وە قەمەرەکان زوریان کونن . بەگران روژی چەنـد گالونێ بەنزینیان دەست ئەکەوێ . تەباخی چێشت خانەکانیان و سوپاکانیان کە لەزستانا بەکاری دێنن هەمووی بەغازي خەڵووز ئیش ئەکات .

شەوو روژ پاپوورەکانیان کە بەدەریاکەدا ئەم بەرو ئەو بەر ئەکاوەهاتوو چو کەران ئەپەرڕێننەوە هەموویان بە خەڵووز ئیش ئەکەن . کوشك و خانووەکانیان بەتایبەتی ئەوانەي نزیکي

دەریاکەن لەهاوینا رەش ئەبن . کەل و پەلیان بە زوری خویان ئەیکەن، لە کارخانەکانیانا شتی دەرەوەیان کەم بو دێ .

(٤٥) روژ لەشاری «ئەستەموول»دا مامەوە . زور لە شوێنە گرنگو خوشەکانی گەرام . لێرەوە کە رویشتم نەخوش و ماندوو بووم لەوێ چاك بوومەوە لەپاشا یەك سەر لە ئەستەموولەوە بە شەمەندەفەر هاتەوە بو: عێراق، رێکەوتی ١٠-٨-١٩٥٨دا گەیشتمەوە سلیمانی .

# بەیاریدەی خوا تەواو بوو

سوپاسی نەقابەی ماموستایان ئەکەم کە یارمەتی یان دام بوچاپ کردنی ئەم نوسراوەم .

(نوسەر)



Scanned by CamScanner

| چەوت | ڕاست | لاپەڕە | دێر |
| --- | --- | --- | --- |
| — | كاتي | ٣ | ٤ |
| ٣٢ | ٣١ | ٤ | ١٩ |
| توو كيا | تور كيا | ١٢ | ١٣ |
| شوێنيا | شوێنما | ١٧ | ١٥ |
| عيران | عەسيران | ١٨ | ١ |
| دەركردبو | دەركردوە | ٢٨ | ٣ |
| ئەندامدا | ئەنجامدا | ٢٩ | ٢ |
| ئەكرد | نەئەكرد | ٣١ | ١٢ |
| خوشبو | خوالي خوشبو | ٢٧ | ١ |

# ناوەروك

١ — چوْن چوەمە قوتابخانەیْ ماموستایان
٢ — دانانم بوْماموستایەتي سعدیه
٣ — گورانم بوْ چەمچەمالْ
٤ — روژی ٦ ایلول ٩٣٠ وەبەندیم
٥ — چونم بوْهەڵەبجە
٦ — گوررانم بوعەربەت — عەبابەیلێ
٧ — » بوقوتابخانەی سلیمانی
٨ — » بو بەکره جو
٩ — » قوتابخانەی سەرکەوتنی ئیْستا
١٠ — راوی قەره داغ
١١ — سەیرانی پیره مەگرون
١٢ — گەشتێ بوئیْران وەکوردستانی ئیْران
١٣ — گەشتێ بوتورکیا وە ئەستەموولْ